http://jgarmianuniv.net https://doi.org/10.24271/garmian.41

# ناوچەی گەرمیان و خانەقین لە هاوكێشە سەربازییەكانی دەوڵەتی عوسمانی و ڕووسیاو بەریتانیای گەورەدا ١٩١٤- ١٩٢٠

ئەحمەد باوەڕ
زانكۆی گەرمیان – كۆلێژی پەروەردە – بەشی مێژوو

## پێشەكی:

بەرپابوونی جەنگی یەكەمی جیهانی لە نێوان هەردووبەرەی هاوپەیمانان و وڵاتانی ناوەندا ، كۆمەڵێك گۆڕانكاری و پێشهاتی سیاسی و كۆمەڵایەتی و ئابووری بەدوای خۆیدا هێنایەكایەوە ، وڵاتی عێراق و ناوچە كورنشینەكانی باشووری كوردستانیش ، وەك ناوچەیەكی ململانێی سیاسی و سەربازی لەو هەلومەرجەدا ، دوور لە خواستی دانیشتوانەكەی ، كەوتە بەرلێشاوی داگیركاری هێزەكانی ڕووسیاو بەریتانیای داگیركەر لەلایەك و هێزەكانی دەوڵەتی عوسمانی لەلایەكی ترەوە ، هاوكات ناوچەی گەرمیان و خانەقینیش وەك گۆڕەپانێكی سەربازی لە نێوان وڵاتانی بەشەڕهاتوودا ، ئەوپەڕیماڵوێرانی و ئاوارەیی و داگیركاری بەخۆیەوە بینی ، بەتایبەتی لە شارێكی ئاوەدانی وەك خانەقینی ئەوكاتەدا ، كە لەلایەن لەشكری داگیركەری ڕووسیاوە بەجۆرێكی ئەوتۆ تالانكرا ، كە بوو بە : (( مایەی ترس و تۆقاندن )) ، هەروەها بووە مایەی ناڕەزایەكی ئەوتۆی هۆز و خێڵەكانی ناوچەكە بەتایبەتی : (( باجەلان و شەرەف بەیانی و تاڵەبانی )) . بەجۆرێك هەر : (( هەموویان واڕایان دەگەیاند ، كە هەڵسوكەوتی ڕووسەكان ، ناڕەزایەكی زۆری ناوەتەوەو بۆی هەیە ببێتە مایەی چۆڵكردنی وڵات و هاندانی دانیشتوان بۆیە لە ترساندا هەڵهاتن بۆ ئەو ناوچانەی ، كە توركەكان داگیریان كردبوون ... )) . جگە لەوەش كەسایەتیەكی سیاسی وەك گێرترورد لوسیان بیلێش ( ١٨٦٨ – ١٩٢٦ )[١] لە نامەیەكی تایبەتی خۆیداو لە ڕێكەوتی ( ٣١ی ئابی ١٩١٨ )دا ، كە بۆ باوكی ناردوویەتی ، زیاتر ڕوونی دەكاتەوە ، وەك ئەوەی لە بەشێكیدا دەنووسێت : ڕووس بە شێوەیەك كوردستانی وێران كردووە ، كە ناچێتە ئەقڵەوەو زستانی ڕابردوو هێند كاریگەریی داگیركردنی ڕووسی بەسەرەوەیە ، كە بە ئەندازەی هەروڵاتێكە تووشی وێرانكاری جەنگ بووبێت[٢] . تەنانەت لە بەشی ڕۆژهەڵاتی كوردستانیشدا و بەتایبەتی لە نێو هۆزێكی وەك : ( سنجاوی )دا ، كە پێشتر لقێكی سەر بە هۆزی ناسراوی ( زەنگەنە ) بوون گەورەترین تالانی و ئاوارەیی و تاوان و زوڵمی بێ وێنەیان ئەنجامدا[٣] . لە هەمانكاتیشدا دواتر ناوچەكە لەڕووی سروشتی داگیركارییەوە ، كە ڕووباری ( سیروان ) وای لێ كردبوو ، ببێتە دوو ناوچەو دووبەرەی دژ بەیەكەوە ، ناوچەی خانەقین و دەوروبەری ، كە پێشتر سەر بە ویلایەتی بەغداو ماوەیەكی زۆر كەتبووە ژێر دەسەڵاتی هێزەكانی ڕووسیای داگیركەرو دواتریش هێزەكانی بەریتانیای هاوپەیمانیەوە ، بەڕادەیەك بەریتانیاش لای خۆیەوە زۆر جەختی لەسەر دەكردەوە بەوەی ، كە ئەمەیان دەبێتە پشتوێنەیەك بۆ پاراستنی شاری بەغداد ، بەتایبەتی لەوكاتە بەدواوە ، كە هێزەكانی داگیركەری بەریتانیا بەسەرۆكایەتی

جنەراڵ ستانلی مۆد شاری بەغدایان لەڕێكەوتی ( ١١ی مارتی ١٩١٧ ) دا ، خستە ژێر دەسەلأت و ڕكێفی خۆیانەوە[٤] . لەگەڵ ناوچەی گەرمیانی سەر بەویلایەتی مووسڵ ، كە تاڕادەیەك لەودەمانەدا هەموو ناوچەكانی كفری و كەلارو دەشتی شێروانەو پێوازو دەوروبەی ئێستای دەگرتەوە ، كە تاڕادەیەكی زیاتر هێشتا دەسەلأت و هەژموونی هێزەكانی دەوڵەتی عوسمانی بەسەرەوە بوو ، كە دەكرێت لە چوارچێوەی ئەم لێكۆڵینەوەیەدا ، كە لە دوو تەوەری سەرەكی پێكهاتووە ، زیاتر بایەخیان پێ بدەین و لەسەریان بدوێین :

## تەوەری یەكەم

## سەرەتاكانی داگیركاری ناوچەی خانەقین و دەوروبەری

## لەلایەن ڕووسیاو بەریتانیاوەو هەڵوێستی دەوڵەتی عوسمانی و هۆزە ناوچەسنووریەكان

دیارە هەرلەگەڵ بەرپابوونی جەنگی یەكەمی جیهانی و داگیركردنی ولأتی عێراقی ژێردەسەلأتی دەوڵەتی عوسمانی و دواتر هاتنیان بەرەو باشووری كوردستان و ناوچە كوردنشینەكان ، هاوكات ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەریشی لەوانە بوون ، كە بۆ خۆیان بوو بوونە گۆڕەپانی مەیدانخوازی هێزەكانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی ، كە كەسایەتیەكی سەربازی وەك جنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای ( ١٨٨٢ – ١٩٥٧ )[٥] عوسمانی لەم سنوورەدا ڕێبەرایەتی دەكردن لەلایەك[٦] . هەروەها لەلایەكی تریشەوە داگیركاری هەردوو هێزی سەربازی ڕووسیای سیزاری و بەریتانیای گەورەوە . بە جۆرێك هەر لە ماوەی سالأنی جەنگی یەكەمی جیهانیدا ، كاتێك لە شكری داگیركەری ڕووسیای سیزاری لە سەرەتاكانی ( بەهاری ١٩١٦ )داو لە سێ بەرەو تەوەری جیاوازی ناوچەكانی ڕۆژهەلأتی كوردستان و ئێرانی قاجارییەوە ، بەرەو ناوچەكانی باشووری كوردستان و شارەكانی وەك : خانەقین ، سلێمانی و ڕەواندزی ئەوكاتە بوونەتەوە[٧] . هەرچەندە ولأتێكی وەك ئێرانی قاجاری لەم ماوەیەدا بێ لایەنی خۆی لە پرۆسەی جەنگی یەكەم ڕاگەیاندو هاوكات لای باكووری ولأتەكەی هێشتا لە ژێر دەسەلأتی ڕووسیاو بەزۆری لای باشووری لە ژێر دەسەلات و فەرمانڕەوایەتی بەریتانیادا بوون و هەروەها ئەڵمانەكانیش لای خۆیانەوە چەند دەستەیەكی سەربازی نهێنی خۆیان خزاند بووە نێوخاكی ئێران و بەتایبەتی خێڵە ئێرانیەكانەوە، ئەوەش زیاتر بەمەبەستی لێدانی بەرژەوەندیەكانی بەریتانیاو ڕووسیاو تەنانەت كوشتنی زۆرێك لە فەرماندە سەربازیەكانیان بوو لە ناوچەكەدا[٨] . بەلأم ولأتێكی وەك ڕووسیای سیزاری لەو دەمانەداو لە كاتی پرۆسەی هێرشەكانیاندا بۆ سەرولأتی عێراق و ناوچە كوردنشینەكان ، بەزۆری جەختیان لەسەر بەرەی شاری خانەقین دەكردەوە بەوەی ، كە ئەمەی دواییان ڕێگایەكی ئاسان و نزیكتر دەبێت بەرەو داگیركردنی ناوەندی شاری بەغدای پایتەخت و هەروەها ئەوبەرەیەی ڕەواندزیش بەرەو ناوەندی شارەكانی هەولێر و موسڵی دەكردنەوە[٩] . هەرچەندە ولأتی ڕووسیا بەچەند ساڵێك پێشتریش لە نەخشەو پلانی ئەوە دابوونەو بەوەی ، كە بتوانن هێزو نفوزی خۆیان لە باكووری ڕۆژهەلأتی مووسڵدا زیاتر بەر فراوانتر بكەن[١٠] . ئەوە بوو بۆ جێ بەجێ كردنی ئەم پلانەش یەك فەیلەقی سەربازی تەوایان خۆیان ، بەسەرۆكایەتی جەنەراڵ پاراتۆڤ ( ١٨٦٥– ١٩٣٢ G.Paratov ) تەرخانكرد و هاوكات لە چەند قۆڵ و خاڵێكی دیاری كراوەوە ، بەرەو ناوەوەی ولأتی عێراق و ناوچە

کوردنشینەکانی باشووری کوردستان پێشڕەویانکرد[11]. بەڕادەیەك ئەم دەستێوەردان و پێشڕەویانەی هێزی سەربازی ڕووسیای سیزاری بووە مایەی ئەوەی ، کە فەرماندەی سەربازی ناسراوی عوسمانی ئەنوەر پاشا ( ١٨٨٢ – ١٩٢٢ )[12]. بە خۆی لەگەڵ فەرماندەی ئەڵمانی جنراڵ فون لوسون ( G. Fon Loson )ی هاوپەیمانیدا و لە ڕێکەوتی ( ٢٤ی مایسی ١٩١٦ ) دا ، بگەنە ناوەندی شاری خانەقین ، بەو مەبەستەی لە نزیکەوە چاودێری بارودۆخەکە بکەن[13].

بە جۆرێك گرنگترین جەنگ و ڕووبەڕوو بوونەوەیەی سەربازی ، کە لەم بەرەیەوە سەرچاوەی گرتبێت ، ئەوەیان بووە ، کە لە سەرەتاکانی مانگی ( حوزەیرانی ١٩١٦ )دا ڕووی داوەو لە کۆتاییدا ، هێزەکانی سوپای ڕووسیا سەرەڕای تێکشکانیان ، بەناچارییەوە بەرەو ناوەوەی خاکی ئێرانی قاجاری بوونەوەو لە ئەنجامیشدا نزیکەی ( ٢٠٠ ) کوژراو و ( ٥٧ ) دیلیان کەوتە دەستی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانیەوە . بەلاَم زیانەکانی سوپای دەوڵەتی عوسمانی خۆیان بریتی بووە لە نزیکەی ( ٨١ ) کوژراو لەگەڵ ( ٣٤٠ ) سەربازی بریندارو بێ سەرو شوێن[14]. کەچی لەگەڵ ئەوەشدا لە هەرسێ بەرەی جەنگی باشووری کوردستانیشەوە کۆمەلاَنی خەڵکی کوردستان ، وەك داکۆکی کردنێکی پێویست ڕووبەڕووی داگیرکەرانی ڕووسیا بوونەتەوەو زەرەرو زیانێکی زۆریان لێ داون ، بۆ نموونە لە هەردوو بەرەی شارۆچکەی پێنجوێن بەڕێبەرایەتی شێخ مەحموودی حەفید ( ١٨٨٢– ١٩٥٦ ) و لەم لاشەوە دانیشتوانی ناوچەی ( عەلیاوا ) ی شاری خانەقین ، بە ئەوپەڕی جەسارەت و توانایانەوە دژی داگیری کاری ڕووسیا جەنگاون و بەرگریان لە خۆیان و ناوچەکەی خۆیان کردووە[15].

کەچی لەولاشەوە هێزەکانی بەریتانیای گەورە ، دوای داگیرکردنی شاری بەغداد ، لە بەرەبەیانی ( ١٧ی مارتی ١٩١٧ )[16] داو بەتایبەتی بەسەرۆکایەتی جەنەراڵ ستانلی مۆد Sir StanleyMaude ( ١٨٦٤– ١٩١٧ )[17] و هەروەها پێشڕەوی کردنی زیاتریان بەرەو ناوچەکانی لیوای دیالە و داگیرکردنی ناوەندی شاری بەعقوبە لە ( ١٨ی مارتی ١٩١٧ )دا ، بەسەرۆکایەتی جنەراڵ ئەدوەردز ، هەروەها ئەو هێزە سەربازیانەی بەریتانیاش ، کە لە ناوچەی بەعقوبەو دەوروبەریدا بەسەرۆکایەتی جنەراڵ ( کیری ) کۆیان کردبوونەوە بەسەریەکەوە پێکهاتبوون لە نزیکەی : یەك لیوای سوارە ، دوو لیوای پیادە ، لەگەڵ ( ٢٤ ) تۆپی گەورەو ( ١٥٠ ) گالیسکەی سەربازی[18]. بەلاَم سەبارەت بەداگیرکردنی شارۆچکەی شارەبان ( مقدادیە )ی ئەوکاتە ، لە سەرەتادا نەیانتوانیوە بەتەواوی دەستی بەسەردا بگرن ، لە ( ٢٣ی مارتی ١٩١٧ ) دا نەبێت ، ئەمەش بە زۆری دوای ئەوە هاتۆتەدی ، کاتێك ئەو کەرتە سەربازییەی دەوڵەتی عوسمانی لە کاتی شەودا ، لە ناوچەکە کشابوونەوەو هاوکات کەوتنە ئەوەی هێزەکانیان لە دەوروبەری حەمرین و شاری ( خانەقین ) دا کۆبکەنەوەو دواتر بکەونە ئەوەی لێرەوە بنکەی سەربازی بە هێز و تۆکمە ، بۆ داکۆکی کردن لە خۆیان لێ بدەن[19]. بەلاَم ئەو هێزە سوپاییەی ، کە فەرمانڕەوایانی دەوڵەتی عوسمانی کۆیان کردبوونەوە ، بە سەریەکەوە پێك هاتبوون لە نزیکەی : ( ٦٠٠٠ ) پیادە و سێ سریەی سوارە ، لەگەڵ ( ٢٨ ) تۆپی گەورەدا

. هەرچی هێزەكانی بەریتانیاش بوون ، بە سەریەكەوە لە نزیكەی ( ٤٦٠٠ ) سەربازی پیادەو ( ٢٦ ) تۆپی گەورە پێكهاتبوون ، ئەوەبوو فەرماندەی سەربازی بەریتانی لەم سنوورەدا ، هێزەكانیان دابەشكردبووە ، بە سەر دووبەرەداو كاتێك هێرشەكانیان لە ( ٢٥ی مارتی ١٩١٧ )دا ، بۆ سەر هێزەكانی دەوڵەتی عوسمانی دەست پێكرد ، هەرچەندە هێزەكانی عوسمانی توانیان بەرگریەكی گەورەی بێ وێنە لە ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی خۆیان بكەن ، تا ئەوكاتەی هێزەكانی بەریتانیا توانیان ، باشووری حەمرین لە ڕێكەوتی ( ٣٠ ی مارتی ١٩١٧ ) و شارۆچكەی ( قزرەبات ) لە ڕێكەوتی ( ١ی نیسانی ١٩١٧ )دا ، داگیربكەن ، هەرچەند لەلایەكی تریشەوە هێزەكانی بەریتانیا چاوەڕوانی ئەوەبوون ، كە هێزەكانی ڕووسیای هاوپەیمانیان لە ناو خاكی ئێرانی قاجارییەوە بگەنە شاری خانەقین ، كەچی نەیانتوانی لە كاتی دیاری كراوی خۆیاندا بگەن [٢٠] .

تا ئەوكاتەی هێزەكانی ڕووسیا لە ( ١ی نیسانی ١٩١٧ ) دا ، بۆ جارێكی دی توانیان دەست بەسەر شاری ( خانەقین )دا بگرنەوە ، ئەمەش زیاتر لەئەنجامی كشانەوەی هێزەكانی عوسمانی هاتەدی ، كە شارەكەیان چۆڵكرد و پاشان لە شكری داگیركەری ڕووس بە ئارەزووی خۆیان ، كەوتنە گیانی دانیشتوان و تاڵانكردنی شارو لەگەڵ ئەوەشدا ئەوپەڕی توندو تیژیان بەرانبەر بە كۆمەڵانی خەڵك نواندووە [٢١] . بەڕادەیەك هەروەك ڕەوەكوللە كوردستانیان وێران كرد ، تا ئەو ڕادەیەی ، كە خەڵكی كورد ناچاربوون هاوكاری توركی دوژمنیان بكەن بۆ دەركردنیان [٢٢] . بەڕادەیەك تاڵانی ڕاو ڕووتكردنی لەشكری داگیركەری ڕووس تەنها ناوەندی شاری خانەقینی نەگرتۆتەوە، بەڵكو ئەوان زۆر بێ بەزیانەش كەوتوونەتە گیانی هاوڵاتیان و دێهاتەكانی دەوروبەری و گوندەكان لە مێگەل و گاگەلیان ڕووتكرابوونەوەو بەبڕی زۆریش لە سنوور ئاودیو دەكران ، وەك ئەوەی : (( گشت دانەوێڵەكانی دەوری شاری خانەقین، بەبێ ئەوەی هەقەكەیان پێبدرێ ، بڕدرابوون و لە ناوبرابوون ، ڕووسەكان بەردەوام داوای خۆراكیان دەكرد ، سەرەڕای ئەوەی كارەكەیان ئەوەندە قورس كردبوو كۆمەڵانی خەڵك نەتوانن خواردنیان بۆ دابین بكەن .. )) . وەك ئەوەی ڕاپۆرتە بەریتانیەكان جەخت لەسەر ئەوەش دەكەنەوە: (( نانی گەنم دەست نەدەكەوت ، جگە لە دەوڵەمەندەكان خەڵك هەموو بێ دەرامەت و دەستكورت بوون )) . ئیدی جگە لە دەسبەسەراگرتنی ئەو سەرچاوە خۆراكیانەشی ، كە بۆ فرۆشتن دادەنران ، ئەفسەرانی ڕووس (( ماڵ بە ماڵ دەگەڕان بۆ داواكردنی خواردنی زیاتر )) و هەروەها سەرچاوەی باخ لە خانەقین و دەوروبەریدا كەشتێكی تربوون لە داهاتی دانیشتوانی ناوچەكە كەچی ڕووسەكان كەوتوونەتە ئەوەی ، كە سەرچاوەكانی ئاودێریان لێ ببڕن و لەگەڵ ئەوەشدا (( گەشە پێدانی باخ كە سامانی سەرەكی ناوچەكە بوو ، وەستێنرا و ڕازی نەبوون ڕێگە بەدانیشتوان بدرێت ئیش لەسەر ئەودارانە بكەن )) . تەنانەت سیاسەتێكی لەم بابەتەش بۆتە مایەی ئەوەی ، كە دانیشتوانی ناوچەكە لە ئاوی سیروان بپەڕنەوەو بەناچارییەوە (( پەنا ببەنە بەر توركەكان لە ناوچەی كفری بۆ داڵدەدانیان )) [٢٣] . بۆ نموونە ئەم وێرانكاری و تاڵانیە تەنها شارێكی وەك خانەقین و دەوروبەری نەگرتەوە ، بەڵكو لە شارێكی وەك پێنجوێنیشدا ، وەك ئەوەی میس بیل لە نامەیەكی ( ١٠ی تشرینی دووەمی ١٩٢١ )دا ، كە بۆ باوكی

ناردوویەتی و لە بارەی شاری پێنجوێنەوە دەنووسێت : ( كاتێك دەچیتە ناوشارەكەوە ، یەكپارچە كارەساتە ، لە هەموو لایەكەوە وێرانەیی لە ڕووس بەجێ ماوە ، لێرە تەنها نیوەی خانووەكان بە پێوە ماون ، بازاڕ پەیكەرە ئێسكێكی بێ ساپیتەیە ، قەیسەریەجوانەكە ، خانووی ناو بازاڕ هەمووی كەلاوەیە ، حەمامەكان و مزگەوتەكان كە مۆركی جوانی شاربوون ، نیوەیان ڕووخاون ، ڕووس هەرچی ئاژەڵ و ماڵاتیان هەبووە كوشتویەتی یان بە تاڵانی بردووەو خەڵكەكە شتێكی وای بە دەستەوە نەماوە ، سەد حەیف و مەخابن ) . وەك ئەوەی لە هەرشوێن و ناوچەیەكدا ، كە دەستی داگیركەرانی ڕووسی پێ گەیشتبوو بارودۆخێكی ترسناكی ئەوتۆش وای لە هۆزەكانی ناوچەی خانەقین و دەوروبەری كرد ، كە بە هەموویانەوە مەزبەتەیەك ئیمزا بكەن و تیایدا داوایانكردووە ، بخرێنە ژێر پارێزگاری حكومەتی بەریتانیاوەو لەلایەن ئەو نوێنەرانەوە حوكم بكرێن ، كە خاوەن شكۆ جۆرجی پێنجەم ( ١٨٦٥ – ١٩٣٦ )[٢٤] دەستنیشانیان دەكات ، مەزبەتەكە هێزو كاریگەرییەكی تایبەتی هەبووە و هاوكات باسی لەو دەردو دوو و بڕۆیانەش مەینەتیانەش كردووە ، كە لەلایەن باندەكانی توركەوە بەسەریاندا هاتبوو و گرفتاری بوو بوون ، هەروەها مەزبەتەیەكیش بە هەمان ماناو بەهەمان شێوە لە مەندەلییەوە هاتووەو لەلایەن شێخ و پیاوماقووڵانی ئەوێوە ئیمزاكراوە[٢٥] .

سەرەڕای هەموو ئەوانەش داگیركاری ڕووس و هاتنیان بۆ ناوچەكە كاریگەریی تەواوی لەسەر كێشە سنووریەكان و هەموو هۆزەكانی ناوچەكەش هەبووە ، بەتایبەتی هۆزە سنووریەكانی ژێر فەرمانڕەوایەتی ئێرانی قاجاری : (( لەسەر ئەو جوتیارانەی لەسەر وەختی داگیركردنی ڕووسەكاندا لە قەزای خانەقین هەڵاتوون و لەئێران نیشتە جێ بوون و خەریكی ئاژەڵداری و كشتووكاڵكردن بوون ))[٢٦] . هەرچەندە كاتێك دواتریش جۆرێك لە سەقامگیری گەڕاوەتەوە ناوچەكە و ویستوویانە بگەڕێنەوە بۆ ناوچە داگیركراوەكانیان . بەلام لە بەرئەوەی هاوكاری كردنی جووتیارەكان لە هەردوو بەری سنوور زۆر لە پێویست كەمتر بووە ، بۆیە سەرۆك هۆزە ئێرانیەكان نایانەوێت ڕێگەی گەڕانەوەیان بدەن بۆ ئەوەی هەر لە خزمەتیاندا بن لەوێ[٢٧] .

كەچی لەلایەكی ترەوەو لەدەرئەنجامی ئەو بشێویەی ، كە جەنگی یەكەمی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنای ڕێگای بۆ ئەوە فەراهەم كرد ، كە هۆزێكی وەك وەڵەدبەگی لە سنووری ئێرانەوە بپەڕنەوە بەم دیوداو چەندین گوندیان لە ناوچە داگیركراوەكان تاڵانكرد ، هاوكات هۆزێكی ناسراوی وەك سنجاویش بەعادەت كە هەمووساڵێك دەپەڕنە ئەم دیوودا ، لەم سەروبەندەدا قۆرخی بەرپابوونی جەنگیان كردووەو (( بێ ئەوەی باجی كۆدەی سەرانە بدەن )) ، ئەمساڵ بەزەبری هێز هاتوونەتە خوارەوەو ئاژەڵەكانیان دەلەوەڕێنن . جگە لە هەمووئەوانەش ڕاپۆرتی كارگێڕی قەزای خانەقینی بەریتانی لە ساڵی ( ١٩١٩ )دا ، جەختی لەسەر ئەوەش كردۆتەوە، بارودۆخی هۆزەكانی ناوچەی خانەقین و دەوروبەری بەئاسایی ماونەتەوە . بەلام لە مانگی مایس بەدواوە بەشی باكووری قەزاكە تاڕادەیەك ئاژاوەو پشێوی تێكەوتۆتەوە ، ئەمەشیان زیاتر بە هۆی بەرپابوونی ڕاپەرینی شێخ مەحمودەوە بووە لە لیوای سلێمانی دراوسێیدا و بە هیچ شێوەیەك هۆزە

كوردەكانی قەزای خانەقین نەچوونە پاڵ ئەم بزوتنەوەیەو قایلبوونی خۆیان دووپات كردەوە، كە لەپاڵ حكومەتدا بن [٢٨].

## تەوەری دووەم
## بارودۆخی گەرمیان و ناوچەی خانەقین
## لە ڕۆژگاری جەنگی یەكەمی جیهانی و ململانێی وڵاتانی داگیركەر ( ١٩١٤- ١٩٢٠ )

هەر لەم ماوەیەش بەدواوەو بەتایبەتی لە سەرەتاكانی ( ئایاری ١٩١٧ )دا ، هێزەكانی ڕووسیا دوای داگیركردنی شارۆچكەی ( قزڕەبات ) كەوتوونەتە ئەوەی ، كە لە ڕووباری ( سیروان ) بپەڕنەوەو هێرش بكەنە سەر شاری سەلاحیە ( كفری ) و ناوچەكانی دەوروبەری . بەڵام ئەو هێزانەی دەوڵەتی عوسمانی ، كە تا ئەوكاتەش لە دەوروبەری شاری كفریدا مابوونەوە ، ڕێگەی پێشڕەوی كردنیان لێ گرتوون و ناچاریانكردوون ، كە لە دەوروبەری شارو ناوچەكە بكشێنەوە . هەرچەندە هێزەكانی سوپای عوسمانی توانیویانە دووبارە لە مانگی حوزەیرانی هەمان ساڵدا دەست بەسەر شارو شارۆچكەكانی قزڕەبات و شارەباندا بگرنەوە [٢٩]. هەرچەندە لەلایەكی ترەوەو پێشتریش هێزەكانی ڕووسیای داگیركەر توانی بوویان لە دووقۆڵ و ناوچەی جیاوازی ( مەیدان – پێواز – باوەنوور )ەوە، بە مەبەستی داگیركردنی ( قەڵای شێروانە )ی مێژوویی پێشڕەوی بكەن ، وەك ئەوەی لەڕێكەوتی ( ٩ی مایسی ١٩١٧ )دا ، توانیان دەستی بەسەردا بگرن و وەك بنكەیەكی سەربازی بەكاری بهێنن [٣٠]. سەرەڕای داگیركردنی ناوەندی شاری خانەقین بۆ ماوەیەك و تاڵانكردنی لەلایەن لەشكری داگیركەری ڕووسەوە ، بەڕادەیەك هەڵسوكەوتی داگیركەرانی ڕووس ناڕەزاییەكی زۆری ناوەتەوەو هاوكات هەڵاتنی بەشێك لە دانیشتوانەكەی بۆ ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و هەروەها هەڵاتنی كەسایەتی ناسراوی ناوچەكەو شاری خانەقین مستەفا پاشای باجەلان ( ١٨٤١ – ١٩٢١ )[٣١]. بۆ شاری بەغداو ناوچەكانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیاو مانەوەی وەك میوانێك لای فەرمانڕەوایانی بەریتانیاو بۆ ئەوەی كێشەی ناوچەكەو هاوڵاتیانی شارو ناوچەكە بخاتە بەردەم دەسەڵاتدارانی ئینگلیز [٣٢]. جگە لە هەڵاتنی خێزانەكەشی ، كە بەهاوكاری و پارستنی گروپێك لە ئەندامانی هۆزی ( باجەلان ) بۆ ( چیای باخچەو قەتار ) ی باشووری شارو دەست بەسەراگرتنی ماڵەكەی لەلایەن هێزەكانی ڕووسیاوە [٣٣]. كەچی لەگەڵ ئەوەشدا مستەفا پاشای باجەلان ، كاتێك بەناچارییەوە پەنای بردۆتە بەر فەرمانڕەوایانی بەریتانیا لەشاری بەغدا ، كەچی ئەوانیش بەردەوام دڵیان لێی كرمیّ بووەو زۆر بەقێزەونیەوە سەیریانكردووەو ڕێزیان لێگرتووە، وەك ئەوەی سكرتێرەرەی ڕۆژهەلاتی بەریتانی گێرترود بێڵ لە دووتوێی نامەیەكی ( شەخسی و نهێنی ) خۆیدا و بەتایبەتی لە ڕێكەوتی ( ٩ی مایسی ١٩٢٠ )دا ، لەبارەی مستەفا پاشای باجەلان و خێزان و خانەوادەكەیەوە دەنووسێت : (( ڕۆژی هەینی مستەفا پاشای باجەلان سەردانی كردم و زۆر لام دانیشت ، ئەی . تی . ویڵسۆن نامەیەكی توندی بۆ ناردبوو و ئاگاداری كردبوو ، كە هەقی بەسەر هیچەوە نەبێت و بچێت بەلای كاری خۆیەوە ، لەبەر ئەوەی مستەفا پاشا تكای بۆ ئەم و ئەو كردبوو ، بەڵام وەڵامەكە بەتەواوی ڕوو شكێنییەكی ناپێویست بوو . داماوە مستەفا پاشا بۆ پۆزش هێنانەوە لە

ڕێگەی منەوە و دەیوت پێی بڵێ كەوا (( انكسر خاطره )) ، واتە خاتری نەگرتووم و شەرمەزاری لای خەڵكی كردووم . دوێنێ ژنەكەشی هاتە لام چایەكم لەگەڵ بخواتەوە و تا دوای ڕەمەزان ناڕواتەوە بۆ خانەقین و هەر لە بەغدا لە ماڵی باوكی دەمێنێتەوە ئەگەر پاشا مۆڵەتی بدات ، ژنێكی ژیرو ئاقڵەو دەزانێت چۆن دڵی مێردەكەی ڕازی بكات ))[٣٤] . چونكە هەر لە داگیركردنی شاری بەغدا بەدواوە لە لایەن بەریتانیاوەو لە ڕێكەوتی ( ١١ی مارتی ١٩١٧ ) دا ، بەریتانیەكان كەوتوونەتە هەوڵی ئەوەی كە چۆن پەیوەندی بە كوردەكانەوە بكەن ، یەكێك لەوانەش مستەفا پاشای باجەلان بووە لە ناوچەی خانەقین ، كە دواتر لەلایەن فەرماندەی توركی عەلی ئیحسان پاشاوە چۆن هەڕەشەی لێكرا بەوەی كە هەندێ نامەی مستەفا پاشای دەست كەوتبوو ، كە بۆ هێزەكانی بەریتانیای ناردبوو لە نزیك شارەبان ( مقدادیه ) و عەلی ئیحسان پاشاش لای خۆیەوە بەڵێنی تۆڵەكردنەوەی لێ دابوو[٣٥] . پاشان هەر لێرەش بەدواوە بەشێكی دی لە هێزەكانی ڕووسیای داگیركەری سیزاری تاڕادەیەك ، خۆیان دەگەیەننە ناوچەی گەرمیان و بەتایبەتی دەشتی شێروانەو دەوروبەری گوندی كەلاری كۆنی ئەوكاتەو بۆ ماوەیەك داگیری دەكەن ، تەنانەت مزگەوتی گوندەكەشیان وەك بارەگایەك و وەك بنكەیەكی سەربازی بەكاردەهێنن ، هاوكات بە پێی گێڕانەوەی عەبدولقادری كوڕی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ، كە بنەماڵەكەی بۆیان گێڕاوەتەوە ، لە سەربانی مزگەوتەكەشەوە سەركردەیەكی سەربازی ڕووسی لە ڕێگای دەزگای تایبەتەوە چاودێری جوڵانەوە سەربازییەكانی دەوڵەتی عوسمانی كردووە لە ناوچەكەدا ، بەڵام كاتێك بە ڕێكەوت تۆپێكی هێزەكانی عوسمانی لە ناوچەی ( سەید خەلیل ) ەوە ، لە نزیكی مزگەوتی ئەوكاتەی كەلارەوە دەكەوێت ، بنكە سەربازیەكەی سوپای ڕووس بە ناچارییەوە گوندی كەلار بەجێ دەهێڵن و لە ناوچەكە دەكشێنەوە ، بەوەی كە وا لە ناو كۆمەڵانی خەڵكدا بڵاو بووەوە ، كە وتوویانە: (( عوسمانی گیلدی )) واتە عوسمانی هاتنەوە[٣٦] . هەرچەندە ئەوان پێشتر و لە ڕێگای پرۆسەی سەربازیانەوە ، بەردەوام بوون ، لە ڕاوە دوونانی زیاتری هێزەكانی سووپای عوسمانی ، كە بەرەو شاری كفری و لە لایەكی تریشەوە بەرەو ناوچەی ( سەید خەلیل )[٣٧]ی باكووری كەلاری ئەمڕۆ دەبوونەوەو لەگەڵ ئەوەشدا بنكەی سەربازی و هێڵی داكۆكی كردنیان تیا لێ دەدا[٣٨] . هەروەها لەو دەمانەشدا بەشێكی زۆری دانیشتوان و خەڵكی كەلاری ئەوكاتەو دەوروبەری لە تاو هێرش و ترس و تۆقاندنی هێزی داگیركاریی ڕووسیا هەڵدەهاتن و گوندو ناوچەكەی خۆیان چۆڵ كردووە[٣٩] . هاوكات هەندێك سەرچاوەتریش باس لەوە دەكەن ، كە چۆن زۆرێك ، لە كەسایەتی و دانیشتوانی ناوچەكەش وەك غەزاكردن و داكۆكی كردنێك لە ناوچەكەی خۆیان ڕووبەڕووبونەوەی هێزی داگیركاری ڕووسیا جەنگاون لەوانە : كەسایەتیەكی وەك شێخ محەمەدی كوڕی شێخ سەعیدە ڕووتەی شاكەلی ( ؟ – ١٩١٩ )[٤٠]، كە لە ناوچەی گەرمیان و لە گوندێكی ئاوەدانی ( ٧٠ – ٨٠ ) ماڵەی وەك شاكەلی ئەو سەروبەندەدا ژیاوەو هاوكات هەموو پێداویستیەكی ژیان و گوزەرانی وەك : تەكیێ ، مزگەوت ، مودەڕیس ، تەلەبە ، ئاش و نیشتەجێ بوونی تیا دەستەبەر بووە[٤١] . وەك ئەوەی بەپێی وردەكاری و گێڕانەوەی یاداشتەكانی شێخ ئەحمەدی شاكەلی كوڕییەوە ( ١٩٠٢ – ١٩٨٢

)[٤٢]. کە لە درێژەیدا نووسیویەتی :(( کاتێك حەربی عالەمی دامەزرا و جیهاد گەیشتە ئەم مەنتیقەیە و ڕووس و ئینگلیز لە دوولاوە دەستیان دایە شەڕ ، ئۆردووی تورك مەقابل بە سیروان دامەزرا ، حکومەتی عەسکەری تورك ( شێخ محەمەد ) یان بە ڕەئیسی موجاهدین قەراردا و هەر لە ( قەرەبلاخ )[٤٣] ەوە تا ( باوەنوور ) لەو سوئال ئەکرا و تەقریبەن بوو بە قائیدێکی عەسکەری .. )) ئەوتۆ[٤٤]. کە بتوانێت لەگەڵ یاوەرانیدا شانبەشانی هێزەکانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە لە شکری داگیرکەری ڕووسیای سیزاری لەم بەرەیەی باشووری کوردستان و گەرمیانەوە بجەنگێت ، بەڵام دواترو لەبەر شکست و بێ هیوابوونی لە دەسەڵاتی دەوڵەتی عوسمانی و لەگەڵ داهاتنی بارودۆخی نەهاتی و گرانی لە ناوچەی گەرمیان و شاکەلدا ، بەناچارییەوە لەگەڵ بەشێك لە کەسوکاروخزمانیدا ، پەنا ئەبەنە بەرناوچە سنووریەکانی هۆزی ( وەڵەدبەگی ) لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەرکە بەماوەیەك دواتریش دەگەڕێنەوە ناوچەی گەرمیان و کەلار ، لە تاو لێشاوی تالآنی و گرانی و چۆڵ بوونی ناوچەی شاکەل و بە مەبەستی چارەسەرکردنی بارودۆخی خۆی و ناوچەکەی بڕیاردەدات : (( کە راساو ڕاس بچێ )) ، سەردانی شاری خانەقینی ژێر دەسەڵاتی فەرمانڕەوایانی بەریتانیاو (( ئینگلیسی ناپاك )) بکات و چاوی بە ( مێجەر سۆن )[٤٥] ی حاکمی ئەو کاتەی شاری خانەقین بکەوێت ، لەگەڵ ئەوەشدا وەك کەسایەتیەکی سەر بە ئینگلیزو تەنانەت (( مومەسیلێکی حکومەت دەگەڕێتەوە )) و هاوکاری پێویستی دەکەن بۆ دووبارە ئاوەدانکردنەوەی ناوچەکەی لە شاکەل ، کە شێخ ئەحمەدی شاکەلی کوڕی بە: (( چۆڵ و کەلاوەو کلۆڵ )) باسی لێوە کردووە[٤٦]. هەرچەندە بەتەواوی هەمووکارو پلانێکی بۆ نابرێتە سەرو بەساڵێك دوای کۆتایی هێنانی جەنگی جیهانی یەکەم ، کۆچی دوایی دەکات و لە مەزاری شاکەلیەکان دەنێژرێت[٤٧]. بەڕادەیەك ئەم قسەڕۆیشتوویەی شێخ محەمەدی شاکەلی لای فەرمانڕەوایان و : (( بەرپرسانی سیاسی ئینگلیز لە قەسری شیرین )) و شاری خانەقین و ناوچەکەدا ، وای لە بەشێك لە هۆزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش دەکات ، کە لە ڕێگای ئەوەوە گرفت و کێشەکانی خۆیان بگەیەنن بەکار بەدەستانی ئەوکاتەی ئینگلیز لە ناوچەکەدا ، بەجۆرێك سەبارەت بەم بەشداری کردنەی شێخی شاکەلی و بەتایبەتی لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانی و لایەنگیری و قسەڕۆیشتوویی : (( لای ئینگلیزەکان و هەروەها چۆنێتی کارکردن و پەیوەندی ئەوەوە لەگەڵ ئینگلیزەکاندا )) ، کەسایەتیەکی وەك عەلی ئەکبەر خانی سنجابی واتە سەردار موقتەدەر ( ١٨٧٢– ١٩٣٥ ) زۆر بەڕوونی لە چوارچێوەی بیرەوەریەکانی خۆیدا ، کە بەزمانی فارسی بڵاوکراوەتەوە ، لە چەند شوێنێکی جیاوازیدا ، ئاماژەی بۆ کردووەو هەر لەم ساڵانەی دوایشدا دکتۆر حەسەن جاف بیرەوەرییەکانی ناوبراوی بە شێوازێکی ڕێك و پێك وەرگێڕاوەتە سەر زمانی کوردی[٤٨].

هەر لەو دەمانەشدا کۆمەڵێك کەسایەتی تری وەك سەید ئەوڕەحمانی سەید کەریمی تازەشار و سەید کەریمی سەید عەبدولڕحمانی غێدان لە ( ناوچەی بنکوورە )[٤٩] . تەنانەت یەکێك لەو کەسایەتیانەشی ، کە هەر لە ناوچەی گەرمیان و لەم سەروبەندەدا ، بەناوی جیهادو بەرگریکردنەوە ، بە دەستی لەشکری

داگیركەری ڕووس لە ناوچەی گەرمیاندا كوژرابێت ، ئەویش شێخ سالحی كوڕی شێخ محەمەد ئەمینی بەرزنجی ( ١٨٧٠– ١٩١٥ ) بووە[٥٠]. كە بەشێخ سالحی شەهید و زۆرجاریش لە نێو دانیشتوانی گەرمیان و شاری كەلار دا بە: (( شێخ سالحی غەزائی )) ناسراوە ، بەوەی كە لە غەزاكردنی دژ بە لە شكری داگیركەری ڕووسدا كوژراوەو تەنانەت گۆڕو ئارامگاكەشی دەكەوێتە گۆڕستانی گوندی ( بەرلوت )ەوە ، لە سەرووی شاری كەلاری ئەمڕۆدا ، هەروەها بەشێك لە بە ساڵاچوان و خەڵكی ناوچەكە باس لەوەش دەكەن ، كە گوایە لەشكری داگیركەری ڕووس هەر بە دەسماڵەكەی ملی خۆی خنكاندبێتیان .

كەچی لەلایەكی ترەوەو نووسەرێكی بەڕەگەز جوولەكەی عێراقی وەك میر بەسری ( ١٩١١ – ٢٠٠٦ )[٥١] لای خۆیەوە باسی لەوەشكردووە ، بەوەی كەسایەتیەكی وەك داود بەگی جاف ( ١٩٠٤ – ١٩٦٦ )[٥٢] لە كەلارو ناوچەی گەرمیانی ئەوكاتەدا ، هەر بەلایەنگیری هێزەكانی دەوڵەتی عوسمانی دژ بە لە شكری ڕووسی لە سنووری ئێرانەوە جەنگا بێت . هەرچەندە ئەم بۆچوون و تۆماركردنە مێژووییەی میر بەسری ، بۆ خۆی جۆرێك لەگومان و لێكدانەوەی وردی مێژوویی هەڵدەگرێت ، بەوەی كەسێكی وەك خوالێخۆشبوو داود بەگی جاف لەو ماوەیەدا ، تەمەنی هێندە نەبووە ، كە بتوانێت لە پرۆسەیەكی سەربازی ئەوتۆدا بەشداری بكات و دژی هێزەكانی ڕووسیا بێتەوە ، هەرچەندە لەلایەكی تریشەوە میر بەسری ساڵی لە دایك بوونی داودبەگی بە ساڵی ( ١٨٩٤ ) دەستنیشانكردووە . جا ئەگەر ئەمەشیان دروستربێت لەبارەی ساڵی لە دایك بوون و تەمەنیەوە ئەوا تارادەیك ئەوگومانە كەمتر دەكاتەوە[٥٣].

هەرچەندە لەلایەكی تریشەوە ئەو هێزە سوپاییەی عوسمانیی ، كە بە ڕێبەرایەتی جنەراڵ عەلی ئیحسان پاشای عوسمانی لە دەوروبەری شاری كفری ئەوكاتەدا بوونەو نەیان هێشتووە هێزەكانی ڕووسیای سیزاری لەوە زیاتر پێشڕەوی بكەن و بیان گەڕێننەوە[٥٤]. واتە لێرە بەدواوەو تا كاتی بەرپابوونی شۆڕشی ( ئۆكتۆبەری ١٩١٧ ) ، كە ڕووسیای سیزاری بەتەواوی لەڕیزی ولآتانی هاوپەیمان و لە پرۆسەی جەنگی یەكەمی جیهانی هاتوونەتە دەرەوەو بە یەكجاری ناوچەكەیان بەجێهێشتوە ، بەڵام وەكتر لێرە بەدواوە ناوچەی گەرمیان و شاری خانەقین و دەوروبەری تا ئەوكاتە بوو بوون بە دووبەشی سەرەكیەوە ، بەوەی هێزەكانی بەریتانیای گەورەو ڕووسیا لە دەوروبەری شاری خانەقین بوون و ڕووباری سیروان وەك سنوورو وەك هێڵێكی تەماسی یەكلاكەرەوە بووە لە نێوانیاندا و تەنانەت تا ئەوكاتەش تیرە جیا جیاكانی هۆزی گەورەی جاف لە باكوری قەزای خانەقینەوە هاتوونەتە خوارەوە بۆ لەوەڕ خۆری و لە هەردوو بەری ڕووباری سیرواندا [٥٥]. هەروەها هێزەكانی سوپای عوسمانیش تا ئەوكاتە توانیویانە دووبارە دەسەڵاتی سەربازی خۆیان بۆ سەر سنوورەكانی ڕووباری سیروان بگێڕنەوە و لەگەڵ ئەوەشدا خەڵكانی هەلآتووی هەردوولایەن پەنایان بۆ لایەنی دووەم بردووە . كەچی هێزەكانی بەریتانیاش بە هۆی سیاسەتی فراوانخوازی و مەیدانخوازی بەردەوام و ململانێی نێوان سوپای عوسمانی لەلایەك و پاشماوەكانی لەشكری ڕووسیاوە تا دەوروبەری ( كانوونی یەكەمی ١٩١٨ ) نەیان توانیووە ئیدارەیەكی مەدەنی سەربەخۆ لە شارێكی وەك

خانەقینی ئەوکاتەدا پێکەوە بنێن ، سەرەڕای ئەوەش شارەکەش بۆ خۆی بە دەستی کۆمەڵێك کێشەی جۆر بەجۆرەوە تا ئەوکاتە نالأندوویەتی[٥٦] . یەکێك لەوانەش کێشەی ئیداری بووە بۆ تەواوی شارو شارۆچکەکانی ناوچەکە ، کە دواتر هەمووی لەلایەن کاربەدەستانی بەریتانیاوە ڕێکخراونەتەوەو هەریەکەو حاکمی تایبەت بەخۆیان بۆ دەست نیشانکراوە[٥٧] . هەروەها لێرە بەدواوەو بەتایبەتی لە هەردوو ساڵی ( ١٩١٨ ) و( ١٩١٩ ) دا ، ئینگلیزەکان بەوردی توانیویانە شاری خانەقین لە ڕووی ئیدارییەوە ڕێکبخەنەوەو هەموو دامو دەزگایەکی پێویستی وەك : دادوەری ، لیڤی و پۆلیس ، کشتوکاڵ ، ئاودێری ، داهات ، تاپۆ ، پەروەردەوخوێندن ، شارەوانی ، نەخۆشخانەو دەرمانخانە ، فرۆکەخانە ، پۆستەو تەلەگراف ، گومرگ .....تاد تیابکەنەوەو جگەلەوەش توانیویانە لە داهاتی شارو دەوروبەری موچەی هەموو کارمەندو فەرمانبەرەکانی ئەو ئیدارەیە دەستەبەر بکەن ، سەرەڕای کردنەوەی دام و دەزگای پێویست لە هەدوو شارۆچەکەی ( قزڕەبات ) و ( مەندەلی ) ئەوکاتەدا[٥٨] .

وەك ئەوەی لە سەرەتاکانی داگیرکردن و پێکهێنانەوەی ئیدارەی شارێکی وەك خانەقیندا ، ماوەیەك ، فەرماندەی سەربازی بەریتانی ( مێجەرگۆڵد سمس H. A. Goldsmith ) کرایە حاکمی شارو ، دواتریش مێجەر سۆن Ely banister soane ( ١٨٨١ – ١٩٢٣ ) حاکمیەتی شاری خانەقینی گرتۆتە ئەستۆوە . هاوکات دوای کۆتایی هێنانی ڕاوێژکاری مێجەر نۆئێل ( ١٨٨٦– ١٩٧٤ )[٥٩] لە ماوەی حوکمداریەتی یەکەمی شێخ مەحموودا ، لە کۆتایی کانونی یەکەمی ( ١٩١٨ )دا مێجەر سۆن ، جێگای دەگرێتەوەو لەو حوکمداریەتەش بەدواوە لە ڕێکەوتی ( ١٨ی حوزەیرانی ١٩١٩ ) ، سۆنیش دوای دوو ڕۆژ گەیشتەوە سلێمانی و بەشێوازێکی ڕاستەوخۆ بەڕێوەبردن و کاروباری باشووری کوردستانی لە شاری سلێمانیدا لە ئەستۆ گرتووە[٦٠] .

تەنانەت هەرلەو ڕۆژگارو ماوەیەشدا بووە ، کە ژیان و بارودۆخی کوردستان و ناوچە کوردنشینەکانی باشووری کوردستانی ژێر دەسەلأتی عوسمانی وا هەڵدەسووڕێت ، کە بنەماڵەیەکی ناسراوی وەك : مەلا محەمەد مەعسومی کوڕی مەلا خدری هەورامی ( ١٩٠٠ – ١٩٦٤ )[٦١] یش ، بۆ ماوەیەك ، لە تاو سیاسەتی ڕەشبگیری و دەسەلأتی فەرمانڕەوایانی عوسمانی و بەتایبەتی لەسەرگرتن و ڕاپێچکردنی محەمەد جەمالی برا گەورەیان بۆ بەرەکانی جەنگی یەکەمی جیهانی لە ڕیزی سوپای عوسمانیدا ، لەگەڵ ( ڕەحیمەخانی کچی حاجی فەقێ مەحموود )[٦٢] . واتە دایکیان و هەردوو براگەورەکەی محەمەد جەمال و محەمەد جەمیل و خوشکێکی بێوەژنیاندا ، بەناوی ( حەبیبە ) ەوە ، کە دواتر مێرد دەکاتەوە ، بە پیاوێك لە شاری خانەقیندا بە ناوی ( خەسرەو قەساب )[٦٣] ەوە . ئەمانیش ، کە هاتوونەتە شاری خانەقینی ئەو کاتەی ژێر دەسەلأتی فەرمانڕەوایانی بەریتانییەوە، بەجۆرێك مەلا محەمەد مەعسومی برابچووکیان ، کە لەو دەمانەدا بڕوانامەی قوتابخانەی ناوەندی ( دار الخلافه ) عوسمانی شاری کەرکووکی ئەبێت و هاوکات کەسێکی شارەزاو زمانزان بووە ، بەتایبەتی لە: عەرەبی ، تورکی ، فارسی و زمانی فەرەنسی دا ، بە جۆرێك لە کاتی دووبارە

پێکهێنانەوەی شاری خانەقین لە ڕووی بەڕێوەبردنی ئیدارییەوە و لەلایەن ئینگلیزەوە ، ئەمیش لەبەر باری خوێندەواریی و شارەزاییەکەی بۆ ماوەیەك ، لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانییەوە لە شاری خانەقینی ئەوکاتەدا ، دەکرێتە جێگری بەڕێوەبەری شارەوانی شاری خانەقین . بەلام هەر کە لە سالانی دواتردا بارودۆخ دەگۆڕێت و شەڕی یەکەمی جیهانی کۆتایی دێت ، دووبارە لەسەر ڕاسپاردەی ڕەحیمە خانی دایکیان دەگەڕێنەوە بۆ شاری کۆیە [٦٤].

بەلام بە پێی ڕاپۆرتی کارگێڕی لیوای دیالەو قەزای خانەقینی سالی ( ١٩١٩ ) دا ، لە کۆتاییەکانی ئەم سالەدا خانەقین ئیتر وەك بنکە یان بارەگای سەرەکی نامێنێت و لەگەل باقووبە دا یەکدەگرن و دەکرێنە یەك ناوچەو ئەم پێکهاتە نوێیە بە ناوچە یان ( لیوا ) دەناسرێت و بارەگای سەرەکیش لە باقووبە دەبێت و بەم پێیەش سنوورەکانی قەزای خانەقینیش کەمدەکرێتەوە . بەلام حاکمە سیاسیەکانی ( بەریتانی ) شاری خانەقین و جێگرەکانیان و تەنانەت بەرپرسی لیڤی ، گومرگ ، پزیشکی نەشتەرگەری و کاروباری دادوەری هەموو لە فەرمانڕەوایانی ئینگلیز خۆیان دەبن و حاکمە سیاسیەکانی شار لەماوەی فەرمانڕەوایەتیاندا ، بەزۆری هەریەك لەم کەسایەتیانەی خوارەوە بووە :

١- مێجەر م . هایلز حاکمی سیاسی تشرینی یەکەمی ١٩١٨ – تەمووزی ١٩١٩ .
٢- کابتن ف . بانیستەر لە جێگەی حاکمی سیاسی مانگی تەمووز – ئابی ١٩١٩ .
٣- کابتن ر . لیڤی لە جێگەی حاکمی سیاسی ئاب – کانوونی یەکەمی ١٩١٩ .
٤- مێجەر م . هایلز حاکمی سیاسی کانوونی یەکەمی ١٩١٩ [٦٥].

هاوکات دادگای شەرع و دادگای سولح لە هەرسێ شارو شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و قزرباتدا هەموو لە ڕەگەزی عێراقین و پێدەچێت هەندێکیان کوردبوو بێتن لەوانەدادوەرانی شەرعی وەك : ( عەبدوللەتیف ئەفەندی ڕاوی – خانەقین ، سەید محەمەد ئەمین – مەندەلی ، شێخ مستەفا ئەفەندی – قزرەبات ) ، بۆ دادگای سولحیش هەریەك لەمانەبوون ، کە لە ڕاپۆرتی سالی ١٩١٩ ) ی شاری خانەقینی ئینگلیزەکاندا ناویان هاتووە لەوانە: ( فایەق ئەفەندی ئالووسی – خانەقین ، سەید محەمەد ئەمین – مەندەلی ، حاجی عەبدولقادر – قزرەبات )[٦٦]. بەلام جێگرانی ( حاکمی سیاسی ) هەرلەم ماوەیەداو بۆ هەریەك ، لە شارو شارۆچکەکانی خانەقین و مەندەلی و قزرەبات ، کە فەرمانڕەوایانی ئینگلیز خۆیان دەست نیشانیان کردوون ، هەریەك لەم کەسایەتیانەی خوارەوەبوون :

**یەکەم / بۆ شاری خانەقین** :

١- کاپتن ر . لیڤی جێگری حاکمی سیاسی تشرینی دووەمی ١٩١٨ – نیسانی ١٩١٩
٢- کابتن ف . بانیستەر جێگری حاکمی سیاسی نیسان – تەمووزی ١٩١٩
٣- کابتن ر . لیڤی جێگری حاکمی سیاسی تەمووز – ئابی ١٩١٩
٤- کابتن ج . هۆریج جێگری حاکمی سیاسی ئەیلول – کانوونی یەکەمی ١٩١٩

**دووەم / بۆ شاری مەندەلی** :

١ – كابتن ویلی جێگری حاكمی سیاسی كانوونی دووەم – مارتی ١٩١٩

٢– كابتن پ .ج ر ویگلی جێگری حاكمی سیاسی مارت – تشرینی دووەمی ١٩١٩

٣– كابتن دەبلیو تی . وریگلەی جێگری حاكمی سیاسی كانوونی یەكەمی ١٩١٩

٤– سەید بەهادور عەلی شاه جێگری حاكمی سیاسی كانوونی دووەم – كانوونی یەكەمی ١٩١٩

**سێیەم / بۆ شاری قزرەبات** :

١– كابتن هـ . ج . م فلاكسمان جێگری حاكمی سیاسی كانوونی یەكەمی ١٩١٨ –١٩١٩

٢– میرزا ئەحمەد دارا جێگری حاكمی سیاسی نیسان – كانوونی یەكەمی ١٩١٩

سەرەڕای دانانی بەرپرسانی لیڤی و گومرگ وپزیشكی و سیاسی و گشتی بۆناوەندی شاری خانەقین [٦٧].

كەچی لەلایكی تریشەوەو هەر لەماوەی سالآنی جەنگی یەكەمی جیهانی و لە ناوچەی گەرمیان و كەلاری ئەوكاتەشدا ، بۆ ماوەی حەوت مانگی تەواو كەسایەتیەكی وەك حاجی مەلا محەمەدی جوانڕۆیی ئیمام و مودەڕیسی مزگەوتی كەلاری كۆنی ئەوكاتە وەكو خۆی دەنووسێت : لەلایەن لەشكری داگیركەری ڕووسەوە دەستگیرو دەست بەسەر دەكرێت و ئازارێكی دەروونی زۆری دەدەن ، هاوكات كتێبخانە دەوڵەمەندەكەشی ، كە ژمارەیەكی زۆر كتێب و دەستنووسی گران بەها و بایەخداری تیادا دەبێت ، هەر لە گوندی كەلاری كۆن و گەرمیانی ئەوكاتانەدا ، لەلایەن لەشكری داگیركەری ڕووسەوە وەكو خۆی لەو بارەیەوە و لە میانی دەستنووس و چوار نامەی زۆرگرنگ و بایەخداریدا ، كە دواتر بە زمانی فارسی و عەرەبی بۆ هەریەك لە : كەیخەسرەو بەگی كوڕی مەحموود پاشای جاف ، مەحموود پاشای جاف ( ١٨٤٦ – ١٩٢١ ) ، ئەرنۆلد تابۆلد ویلسۆنی حاكمی بەغدای بەریتانی بەوەكالەت . لەگەڵ عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی ( ١٨٤٥ – ١٩٢٧ ) سەرۆك وەزیرانی حكومەتی كاتی لە عێراق ( ٢٥ی تشرینی یەكەمی ١٩٢٠ – ٢٣ی ئابی ١٩٢١ )دا ، نووسیونی و زۆر بەڕوونی و بەوردییەوە باسی لەوە شكردووە ، كە چۆن دوای ئازادكردنی لەلایەن هێزەكانی سوپای ڕووسیای داگیركەرەوە ، ژیان و گوزەرانی ئەو ڕۆژگارەی جەنگی یەكەم ناچاری كردووە ، كە سەردانی شاری بەغدای ئەوكاتەی كردووە و چۆن چاوی بە حاكمی سیاسی و سەربازی ئەوكاتەی بەریتانیا بەوەكالەت ئارنۆلد تابۆلد ویلسۆن دەكەوێت و هەروەها لە چوارچێوەی گفتوگۆو چاوپێكەوتنێكی دوورو درێژی نێوانیاندا ، زۆر بە بێ ئومێدی و بە خەمباریەكی زۆری بێ وێنەوە ، سەربربوردەو باری دەروونی و بارودۆخی بشێوی خۆی و ناوچەكەی خۆی بۆ ئەرنۆلد ویلسۆنی حاكمی عێراقی بەریتانی گێڕاوەتەوەو تەنانەت لە چوارچێوەی سكالآنامەیەكی تریشیدا ، كە بە زمانی فارسی و هەر بۆ ویلسۆنی حاكمی بەغدای نووسیوە بۆ ئەوەی ئاسانكاری ئەوەی بۆ بكات و ڕێگای بدا ، كە ولآتی عێراق بەجێ بهێڵت و بچێتە ولآتی شام و حیجاز [٦٨]. بەلآم ئەرنۆلد ویلسۆن سەرەتا بڕیاری لەسەر ئەوە داوە ، كە بەكرێیەكی مانگانەی ( ١٠٠ ) ڕوپێی لە شارۆچكەی قزرەباتی ئەوكاتە دای مەزراندووە، بۆ ئەوەی بە شێوازێكی كاتی وانەی تیا بلێتەوە . وەك ئەوەی لە پوختە و بەشێكی یاداشت و نامە دەستنووسەكانیدا ، كە بەناو نیشانێكی فارسی و ناوەرۆكێكی عەرەبی و بە ناونیشانی : ( بعبدالرحمن نقیب نوشتە شد ) بۆ عەبدولڕەحمان نەقیبی گەیلانی

سەرۆك وەزیرانی عێراقی نووسیوە: ( سلام من الرحمن نحو جنابكم فان سلامی لایلیق بباكم اما بعد ) ، كە بە ڕاشكاوییەوە بۆی دەنووسێت : من كە شكایەت كارێكی هەژاری زانست خوازم ، لەوانەم ، كە بە كاری زانست و زانیاریی و وانەوتنەوەوە سەرگەرم بووم ، هەر لەو ماوەیەشدا ، كە لە شوێنێكی نزیكی شاری خانەقیندا خەریكی وانە وتنەوەو تەدریسی خۆم بووم ، بەهۆی ئەو بارودۆخە داتەپیوو تێكشكێنراوەی ، كە هەڵگیرسان و بەرپابوونی جەنگی یەكەمی جیهانی لەگەڵ خۆیدا هێنای ، لەلایەن سوپاو لە شكری داگیركاری ڕووسی شوومەوە ( المنحوس ) ، دەستگیركرام و كتێبەكانمیان بەزۆری دڕاند و هەرشتێكیش ، كە لەم دونیایەدا هەمبوو هیچیم بەدەستەوە نەما ، بۆیە زۆر بەغەمباری و بە ناچارییەوە ڕووم كردە شاری بەغدای پارێزراو ( محروس ) و چاوم بە حاكمە سیاسیە ئینگلیزیەكەی ، كە ویلسۆن بوو كەوت ، سەرەتا فەرمانیدا ، كە بە مانگانەیەكی ( ١٠٠ ) سەد ڕوپیەیی لە شارۆچكەی قزڕەبات دام بمەزرێنێت . وەك ئەوەی لە بەشێكی نامەكەیدا هاتووە : (( بعد برهه الی مباشرة المهاجرة الی بغداد لازال محروسا فاقدمت ووصلت ودخلت علی حاكمه السیاسی الانكلیزی ویلسن و بعد ماجری بیننا من المكالمات ارسلنی بانتخابی الی قزلباط وامر باعطاء الشهریة مأة روبیة ..))[٦٩]. سەرەڕای وتووێژ و قسەكردن سەبارەت بە كتێبخانەكەی و هەروەها كەس و كارەكەشی بەزۆری جەخت لەسەرئەوەی دەكەنەوە ، كە لەو كاتەوەی لە گوندی كەلاری كۆنی ئێستادا بووە : كتێبخانەكەی زەرەر و زیانێكی زۆری بینیبوو ، هەر لە سووتاندن و دڕاندن و فڕێ دانە ناو ئاوی حەوزی ئەو مزگەوتەی گوندی كەلارەوە ، كە تیایدا وانەی وتۆتەوەو بەرنوێژیی و ئیمامەتی تیا كردووە[٧٠].

دیارە لە ماوەیەكیشدا جگە لە كەلارو شاری خانەقین و قزڕەبات مەلا محەمەدی جوانڕۆیی دەچێتە گوندی دەككەی حاجی ئیبراهیم بەگی كوڕی سلێمان بەگی جاف ( ١٨٧٩ – ١٩٥٢ )[٧١] ، كە لە ڕۆژگاری خۆیداو لەلایەن میری جافەوە و لەو ناوچەیەدا مزگەت و حوجرەی تایبەتی بۆخوێندن و هەموو پێداویستیەكی تری خوێندنی بۆ دەستەبەر كردووە . بەڵام زۆرێك لەوانە بەهۆی بەرپابوون و هەڵگیرسانی جەنگی یەكەمی جیهانیەوەو بەتایبەتی دەستی: ( داگیركاری ڕووس )ەوە وێرانە بوون[٧٢]. هەر بۆیەش كە مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بارودۆخی ئەم ناوچەیەو شوێنەواری ئەم داگیركاری و وێرانەیە دەبینێت لە دەقی ئەم نامەو یاداشتنامەی خۆیدا بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەوكاتەی عێراق دەنووسێت و داوای هاوكاری و دووبارە ئاوەدانكردنەوەو بونیاد نانەوەی ناوچەكە دەكاتەوەو لێرە بە دواوەو دوای كۆتایی هێنانی شەڕو گەڕانەوەی بارودۆخ بۆ باری ئاسایی : (( الی ان عادت الانهار فی مجاریها ووقع القوس فی ید باریها یعنی فوض امورالآجرات الی قح قریش اعنی حضرة رئیس الوزاره ...)) . دەسەڵاتی ئەم وڵاتە كەوتە دەستی ئێوەی سەرۆكی ئەنجومەنی وەزیرانەوە و داواتان لێ دەكەم بۆ خۆم و بۆ هەموو ئەوانەشی ، كە وەكو من زەرەر مەند بوون ، هاوكاریان بكەن و دەستی یارمەتی و ئاوەدانیان پێ بگەیەنن . تەنانەت لەم بارەیەشەوەو بۆ چەندین نموونەی لەو بابەتە لە زۆربەی یاداشت و نامە نێردراوەكانی دا بۆ بەر پرسانی گەورەی وڵاتی عێراق

بە تایبەتی لە سەردەمی پاشایەتیدا پەنا دەباتە بەر ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز و ناوەرۆکی فەرموودەی پێغەمبەر ( د. خ ) وەك ئەوەی دەنووسێت : (( قد قررلى الىّ واقول مسترحما معاونة امثالى فى هذه الاحوال واجب على حضرة الرئيس المتعال بل على كل من كان على بال قال تعالى تعاونوا على لبر والتقوى ...)).

هەروەها لە درێژەی نووسراوو یاداشتەکەیدا مەلا محەمەدی جوانڕۆیی بۆ سەرۆك وەزیرانی ئەوکاتەی عێراق ، باسی لەوەشکردووە ، کە ئەو لە سەروبەندی ئێستادا واتە ئەوکاتەی ، کە یادداشت و نامەکەی بۆ نووسیوە لە گوندێکی نزیکی شاری خانەقین دا دەنیشێت و ژیان بەسەر دەبات ، کە ناوی گوندی ( دەکەی حاجی ئیبراهم بەگی جاف )[٧٣]

ونزیکەی سێ سەعاتە ڕێ لە شاری خانەقینی ئەوکاتەوە دوور بووە ، بەوەی هەر لە کاتی خۆیداو پاشاو میری گەورەی جاف مەحموود پاشا مزگەوتێکی تۆکمەو حوجرەو هەموو پێداویستیەکی بۆ فەراهەم کردبوو . بەڵام بەهۆی ئەو ڕەوش و بارودۆخە نە خوازراوەو تەواوی ئەو داگیرکاری و لەشکر کێشیەی هێزەکانی ڕووسیای داگیرکەرەوە هەموو وێرانەبوون . وەك ئەوەی زۆر بەوردی و بە شێوازێکی بەلاغی جوان و بەزمانی عەرەبی و بە شێوازێکی زۆر سەرنج ڕاکێش بۆ سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کاتی عێراقی عەبدولڕەحمان نەقیب دەنووسێت : (( وان القريه التى سكن فيها الداعى عند الحاج ابراهيم بيك ابن أخ محمود باشا وهى دكة البعيده من بلدة خانقين بثلاث ساعات من مده مديدة بنى فيها الباشا المذكور جامعا مضبوطا ، وحجره منظمة واسبابا للطاعه مكملة ولكن من وقعة غارة الروس من ارباب العلم والتحصيل خراب ومن كثرة جهل الساكنين فيها شديدة الاضطراب ...)). بەجۆرێك دەقی ئەو نامانەو ئەو نووسراوانەی کە حاجی مەلا محەمەد نووسیونی و هەریەکەو بۆ کەسایەتی لایەنێکی پەیوەندی دار ناردوونی و ئاراستەی کردوون ، هەریەکەو لە شوێنی خۆیدا کۆمەڵێك گرێ کوێرەی مێژوویمان بۆ دەکاتەوە .

---

## پەراوێزو سەرچاوەکان :

[١]– گێرتروود مارگرێت لوسیان بێڵ : لە ڕێکەوتی ( ١٤ی تەمووزی ١٨٦٨ )دا ، لە ناوچەی دورهامی هەرێمی ئینگلاندی بەریتانیاو لە خێزانێکی دەوڵەمەند هاتۆتە دونیاوە ، خانمێکی نووسەر ، گەڕیدە ، سیاسەتمەدار ، ڕۆژهەڵاتناس ، شوێنەوارناس و سەربە دەزگای هەواڵگری بەریتانیا بووە ، کاریگەرییەکی گەورەی لەسەر نەخش و سیاسەتی وڵاتەکەی لەسەر ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەبوو و بەزۆربەی ناوچەکاندا گەڕاوەو نووسینی لەبارەیانەوە بڵاو کردۆتەوە ، بەتایبەتی عێراق ، شام ، ئێران و نیمچە دوورگەی عەرەبی و شارەزایی لەزمانەکانی وەك : فارسی و عەرەبی و فەرەنسی و ئەڵمانیدا هەبووە ، پاش داگیرکردنی بەغداد لە ماوەی جەنگی یەکەمدا بێڵ پۆستی ( سکرتێری ڕۆژهەڵاتی ) پێ سپێردرا و یەکێك بوو لە ئامادەبووانی کۆنگرەی قاهیرەی ( مارتی ١٩٢١ ) سەبارەت بە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و داڕشتنەوەی دەسەڵات لەعێراق و ئامۆژگاری کەرێکی بەرچاوی مەلیك فەیسەڵ بوو لە دەسەڵات و هەروەها یەکێك بوو لە دامەزرێنەرانی کتێخانەگشتی و مۆزەخانەی شوێنەواری لە بەغداو لە بارەی عێراق و ناوچەکەشەوە کۆمەڵێك نووسین و دانراوی گرنگی بڵاوکردۆتەوەو لە ( ١٢ تەمووزی ١٩٢٦ ) لە تەمەنی ( ٥٧ ) ساڵیدا لەبەغداد کۆچی

دوایی كردووەو لە گۆڕستانی سەربازەبەریتانیەكان نێژراوە . بڕوانە : میس بیڵ ، كورد لە نامەكانی میس بیڵ دا ، محەمەد حەمەساڵح تۆفیق لە ئینگلیزییەوە كردوویەتی بە كوردی و پێشەكی و پەراوێزی بۆ نووسیوە ، ( سلێمانی : ٢٠١٦ ) ، ل ٩ – ٢٠ .

٢ – میس بیڵ ، كورد لە نامەكانی میس بیڵ دا ، ل ٤٣ .

٣ – دكتر محمد مكری ، عشائر كرد ( ١ ) ، ایل سنجابی تاریخچە ، جغرافیا ، تیرەها ، باهتمام امیر سیف الدین مكری و هیأت مدیرەء انتشارات زیگفرید ، چاپ سیم ، ( پاریس : ١٣٧٢ ) ، ص ٢٢٣– ٢٣٢ .

٤ – ابراهیم خلیل احمد و جعفر عباس حمیدی ، تاریخ العراق المعاصر ، دار ابن اثیر لطباعة والنشر ، ( جامعة الموصل : ٢٠١٠ ) ، ص ١٤ ، فاضل حسین وآخرون ، تاریخ العراق المعاصر ، مطبعة جامعة بغداد ، ( بغداد : ١٩٨٠ ) ، ص ١٣ ، صباح مهدی رمیض ، دیالی سیرة أعلام .... ومسیرة الاحداث دراسات تاریخیة معاصرة ، مؤسسة مصر مرتضی للكتاب العراقی ، ( بغداد : ٢٠١٠ ) ، ص ٢٢٠ .

٥ – عەلی ئیحسان پاشا : لە ساڵی ( ١٨٨٢ ) دا لە شاری ئەستەمبووڵ هاتۆتە دونیاوەو دوای تەواوكردنی قۆناغەكانی سەرەتایی خوێندن ، لە خوێندنگای تۆپهاوێژی عوسمانی درێژەی بە خوێندن داوەو دواتریش كۆلێژی جەنگی تەواو كردووەو لێرە بەدواوە گەلێك پۆست و پلەو پایەی سەربازی لە سوپای عوسمانیدا گرتۆتە ئەستۆو ماوەیەكیش فەرماندەی سوپای شەشەمی عوسمانی بووە لە عێراق و بەشداری ئەوهێرشەی كردووە ، كە بە فەرماندەیی خەلیل پاشای عوسمانی بەرانبەر بەهێزەكانی بەریتانیا ئەنجام درا لەماوەی ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانی و بەتایبەتی شەڕی كوتی ساڵی ( ١٩١٥ ) ، كە دەرئەنجامی شكستی سوپای بەریتانی لێ كەوتەوەو بەسەریەكەوە نزیكەی ( ١٣٣٠٩ ) سەربازو ئەفسەری بەریتانی تیا دەستگیركرا ، بەفەرماندەكەشیانەوە ، كە ( جنراڵ تاوزند ) بوو ، بەڵام دوای هێرشی دووەمی بەریتانی بۆ سەرعێراق و داگیركردنی شاری بەغداد لە ( ١١ ی مارتی ١٩١٧ ) ، عەلی ئیحسان پاشا گوێزرایەوە مووسڵ و كەوتە بونیادنانی هێزێكی تۆكمەی عوسمانی لە ڕۆژهەڵاتی ئەنادۆڵ . بەڵام كاتێك بەچاوی خۆی شكستی بەرەی شامی عوسمانی بینی ، بەتایبەتی لە مۆركردنی ئاگربڕی مۆدرۆسی ( ٣١تشرینی یەكەمی ١٩١٨ ) بەدواوە، ئامادە نەبوو مووسڵ ڕادەستی هێزەكانی بەریتانیا بكات ، هەرچەندە دواتر لەسەر ڕاسپاردەی حكومەتی تورك دەستی لێ هەڵگرت و گەڕایەوە ئەستەمبووڵ ، كە ئەویش لەژێردەسەڵاتی بەریتانیادابوو ، لێرەبەدواوە ئەوانیش لەگەڵ چەند فەرماندەیەكی تری سەربازیدا دووریان خستەوە بۆ ( ماڵتا ) ، تا ئەوكاتەی لە ساڵی ( ١٩٢٢ ) دا ، گەڕایەوە ئەنادۆڵ و وەك فەرماندەیەكی سەربازی بەشداری ئەو جەنگەی كرد ، كە دژی یونانیەكان هاتەدی و شكست هێنانی سوپای یونانی لێ كەوتەوە ، بە تایبەتی لە ( ئابی ١٩٢٢ ) دا . بەڵام بەهۆی ناكۆكیەوە لەگەڵ عیسمەت پاشای ئینینۆوە دەستی لە كاركێشاوەتەوەو لەلایەن مستەفا كەمالەوە بە یەكجاری دووردەخرێتەوە ، لەساڵی ( ١٩٥٤ )دا، لە سەر لیستی پارتی دیموكراتی توركیا دەبێتە ئەندامی پەرلەمان و لە ساڵی ( ١٩٥٧ ) دا كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە: ویكیبیدیا ( الموسوعه الحره) ١٠ / ٤ / ٢٠١٦ ، ئەحمەد حەمەد ئەمین ئۆمەر ، چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی نوێ و هاوچەرخی عێراق ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات ،( هەولێر: ٢٠١٠ ) ، ل ٧٩ .

٦ – ڕەشید شەوقی ، بەسەرهاتووی كاكە ڕەشید شەوقی ( سەرگوزشتە ) ، ئامادەكردنی : سدیق ساڵح ، ( سلێمانی : ٢٠٠٣ ) ، ل ٢٧٣– ٢٨١ .

٧ – شكری محمود ندیم ، الجیش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤– ١٩١٧، شركة النبراس للنشر والتوزیع ، ط٣ ، مطبعة العانی ، ( بغداد: ١٩٧٤ ) ، ص ١٥.

[٨] – علی اصغر زرگر ، تاریخ روابط ایران وانطلیس در دورة رضا شاه ، ترجمه: كاوة بيات ، ( تهران : ١٣٧٢) ، ص ٤٢– ٤٥

[٩] – عبدالرحمن ادریس البیاتی ، الشیخ محمود الحفید البرزنجی والنفوذ البریطانی فی كردستان حتی عام ١٩٢٥ ، تقدیم : الدكتور كمال مظهر احمد ، ( السلیمانیة : ٢٠٠٧ ) ، ص ٩١ .

[١٠] – العراق فی الوثائق البریطانیة ١٩٠٥ – ١٩٣٠ ، ترجمة و تحریر : فوآد قزانجی ، تقدیم ومراجعة : عبد الرزاق الحسنی ، دار المامون ، ( بغداد : ١٩٨٩ ) ، ص ٩٠ .

[١١] – كمال مظهر احمد، كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ترجمة : محمد الملا عبدالكریم ، ط٢ ، ( بغداد : ١٩٨٤) ، ص ١٦٨ .

[١٢] – ئەنوەر پاشا : لە ساڵی ( ١٨٨٢ ) دا ، لە ئەستەمبووڵ لە دایك بووە ، یەكێك بووە لەو ئەفسەرە سەربازیانەی تورك بەحوكمی ئەندامێتی لە ڕێكخراوی ( ئیتیحادو تەرەقی ) دا ، پشتگیریەكی زۆری بۆ دروست بووە ، هەرئەوەش بووە بە مایەی ئەوەی ، كە زیاتر سەربكەوێت و دواتریش لەگەڵ نێرژەیەكی سەربازی عوسمانی دا نێردراوەتە وڵاتی ئەڵمانیاو دواتریش بوو بە مولحەقی سەربازی عوسمانی لە باڵوێزخانەی دەوڵەتی عوسمانی لە وڵاتی ئەڵمانیا ، لەسەرەتاكانی ساڵی ( ١٩١٤ ) دا ، كراوەتە وەزیری جەنگ و هاوكات بەوەكالەتیش فەرماندەیی سوپایی پێ سپێردراوە ، ئەمەش لە كاتێكدا بووە ، كە هێشتا تەمەنی ( ٣٣ ) ساڵی تەواوی پڕ نەكردبووەوە ، هەروەها لە ماوەی جەنگی یەكەمی جیهانیشدا فەرماندەی سەربازی عوسمانی پێ سپێردراوە لەبەرەی قەوقازو دەردەنێڵەوە ، جگە لەوەش یەكێك بووە لەو فەرماندە سەربازیانەی تورك ، كە داوای لە موسڵمانانی توركستان كردووە ، كە دژی ڕووسیای سیزاری شۆڕش بەرپابكەن و لە ساڵی ( ١٩٢٢ ) دا كوژراوە . بڕوانە : خالد محسن اسماعیل ، آثار ابراهیم صالح شكر ، قلم وزیر ، تاریخ ما اهمله التاریخ من حوادث المسالة العربیة فی الحجاز و سوریة والعراق ، مطبعة المعارف ( بغداد : ١٩٧٠ ) ، ص ٩٢ –٩٣ .

[١٣] – شكری محمود ندیم ، الجیش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤– ١٩١٧ ، ص ٢٢ .

[١٤] – كمال مظهر احمد ، كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ص ١٦٨ – ١٦٩ .

[١٥] – كمال مظهر احمد ، كردستان فی سنوات الحرب العالمیة الاولی ، ص ٢٠٤ .

[١٦] - جعفر عباس حمیدی ، تاریخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨ ، ( بغداد : ٢٠١٥ ) ، ص ٢١ .

[١٧] – فردریك ستانلی مۆد : ئەوفەرماندە سەربازیەی بەریتانیا بوو، كە توانی سەركەوتن بەسەر سوپای عوسمانیدا بەدەست بهێنێت و لە ( ١١ ی مارتی ١٩١٧ )دا ، دەستبەسەر شاری بەغداد بگرێت لە ماوەی ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا ،ئەوەشی ڕاگەیاند ، كە ئەبێت حوكمداریەتێكی نیشتمانی لە وڵاتدا بێتەكایەوەو یەكێك لە وتەكانیشی ئەوەی بووە ، كە لەبەردەم جەماوەری شاری بەغدا وتویەتی : (( ئەوان وەك داگیركەر نەهاتوونە تە بەغداوە بەڵكو وەك ڕزگاركەر هاتوون )) ، دوای ماوەیەك هەر لە شاری بەغدا و بەهۆی نەخۆشی كۆلێراوە ، لە ( ١٨ تشرینی دووەمی ١٩١٧ )دا و لە تەمەنی ( ٥٣ ) ساڵیدا ، كۆچی دوایی كردووە . بۆ زیاتر بڕوانە : فیلیب أیرلند ، تكوین العراق الحدیث ، ترجمة : عبدالمسیح جویدة ، ( بغداد : ١٩٤٥ ) ، ص ٢٥٢– ٢٥٣ .

[١٨] – ارنولد . تی . ولسن ، بلاد مابین نهرین بین ولاءین ، ترجمة : فواد جمیل ، ج٢ ، ( بغداد : ١٩٧١ ) ، ص ٤٠ .

[١٩] – صباح مهدی رمیض ، دیالی سیرة أعلام ... ومسیرة الاحداث ، ص ٢٢١.

[٢٠] – صباح مهدی رمیض ، دیالی سیرة أعلام ، ص ٢٢٢

[٢١] – المس بيل ، فصول من تاريخ العراق القريب ، كتاب يبحث عن العراق فـي عهـد الاحـتلال البريطـاني ١٩١٤ – ١٩٢٠ ، ترجمة : جعفر الخيـاط ، ( بغـداد : ١٩٧١ ) ، ص ١٣٩ – ١٤٤ ، صـباح مهـدي رمـيض ، ديـالى سـيرة أعـلام ... ومسـيرة الاحداث ، ص ٢٢٢

[٢٢] – جەرجيس فەتحوڵلاّ ، وريابوونەوەی كورد ، مێژووی سياسـی ١٩٠٠– ١٩٢٥ ، و: حەسـەن جـاف ، ب١ ، ( هـەولێر : ٢٠١٠ ) ، ل ١٣٨ .

[٢٣] – ئی .جەی . ئاڕ ، پوختەی كاروباری كاتی جەنگی جيهانی لە كوردستانی جنوبی ، ل ١٧.

[٢٤] – جۆرجی پێنجەم : مەليكی بەريتانياو ئيرلەندەو هيندستان بووە ، لە ماوەی ( ١٩١٠ – ١٩٣٦ )دا و لە ( ٣ تەمووزی ١٨٦٥ )دا ، لە شاری ( لەندەن ) هاتۆتە دونياوەو يەكێك بووە لە كوڕانی ئيدواردی حەوتەمی بەريتانيا ، هاوكات يـەكێك بووە لەو كەسايەتيانەشی ، كە كاريگەريەكی بەرچـاوی لەسـەر سياسـەتی بـەريتانی هـەبووەو لـە سـاڵی ( ١٨٩٣ ) ەوە لەگـەڵ ( مـاری تـك ) دا ، ژيـانی هاوسـەری پێكـەوەناوە و لـە ( ٢٠ی يەنايـەری ١٩٣٦ ) دا ، كۆچـی دوايـی كـردووە . ويكيبيديا ( الموسوعه الحره ) تاريخ التسجيل ، ٢٥ / ٥ / ٢٠١٦ .

[٢٥] – ڕاپۆرتی خانەقين ، ڕاپۆرتی كارگێڕی ليوای دياله بۆ ساڵی ١٩١٩ قەزای خانەقين ، وەرگێڕانی : محەمەد حەمەساڵح تۆفيق ، پێشەكی مامۆستا جەعفەر ، كوردستانی نوێ ( ڕۆژنامە ) ، ژمـارە ( ٦٩٧٧ ) ، يەكشـەممە ، ٢٢ / ٥ / ٢٠١٦ ، ل ٨ .

[٢٦] – ڕاپۆرتی خانەقين ، ڕاپۆرتی كارگێڕی ليوای دياله بۆ ساڵی ١٩١٩ قەزای خانەقين ، س . پ .

[٢٧] – ڕاپۆرتی خانەقين ، ڕاپۆرتی كارگێڕی ليوای دياله ، س . پ .

[٢٨] – ڕاپۆرتی خانەقين ، س . پ .

[٢٩] – ارنولَد ولسن ، بلاد مابين النهرين بين ولائين ، ص ١٥٦ .

[٣٠] – شكري محمود نديم ، الجيش الروسي في حرب العراق ١٩١٤– ١٩١٧، شركة النبراس للنشر والتوزيع ، ط٣ ، مطبعة العاني ، ( بغداد: ١٩٧٤ ) ، ص ٣٢ .

[٣١] – مستەفا پاشای باجەلآن : كوڕی عوسمان پاشای كوڕی ئەحمەد پاشای كوڕی قادرپاشـای كـوڕی عەبـدوڵلاّ پاشـای كوڕی ئەحمەد پاشای باجەلآنە ، ساڵی ( ١٨٤١ ) لە خانـەقين لـە دايك بـووە و سـەرەتاكانی خوێنـدنی لێرەوە دەسـت پێكردووە ، لە سـەردەمی فەرمانڕەوايـەتی عوسمانيـدا ماوەيـەك قائممقـامی شـارەكانی : بـەدرە وجەسـان ، مەنـدەلی ، عەزيزيە و خانەقين بووە، پێش بەرپابوونی شۆڕشی دەسـتووری ( ١٩٠٨ ) دوورخراوەتـەوە بـۆ ئەسـتەمبوڵ و دواتـر بـە بڕيارێكی سوڵتان عەبدولحەميدی دووەمی عوسمانی ئازاد كراوەو لە ماوەی داگيركاری سوپای ڕووسياشدا بۆ سەر شاری خانەقين و ساڵی ( ١٩١٦ ) پەنای بردۆتە بەر بەريتانيەكان و بەپێی هەفتەنامەی ( پێشكەوتن ) لە كۆتاييەكاتی مارتی ( ١٩٢١ )دا لە خانەقين كۆچی دوايی كردووە و لە نێو مزگەوتی ( مستەفا پاشا) دا نێژراوە . تقرير دائرة الحاكم المدني فـي العراق ( سنة ١٩١٩ ) : ملاحظات عن العشائر كردستان الجنوبية ، ص ٢٥ ، هەفتەنامەی ( پێشكەوتن ) ، ژمارە ( ٤٩ ) ، پێنجشـەمە ، ( ٣١ مـارتی ١٩٢١) ، ل ٣ ، ئەحمـەد بـاوەڕ ، مسـتەفا پاشـای باجـەلآن لـە نێـوان بەرداشـی عوسمـانی و فەرمانڕەوايانی بەريتانيادا ١٨٤١– ١٩٢١ ، كوردستانی نوێ ، ژمارە ( ٧٠٢٥ ) ، ٢٣ / ٧ / ٢٠١٦ ، ل ١٢– ١٣ ، ابراهيم باجلان ، مصطفى باشا باجلان و الدفاع عن القضية الكردية ١٨٤١ – ١٩٢١، الاتحاد( جريـدة ) ، العـدد( ٢٩٨١) ، السـبت ٢٦/ ٥/ ٢٠١٢.

[32] – میس بیلّ ، کورد لە نامەکانی میس بیلّ دا ، س . پ ، ل ٣٧ ، ئی .جەی . ئارِ ، پوختەی کاروباری کاتی جەنگی جیهانی لە کوردستانی جنوبی ، ل ١٦ .

[33] – المس بیل ، فصول من تاریخ العراق القریب ، کتاب یبحث عن العراق فی عهد الاحتلال ، ص ١٣٩– ١٤٤.

[34] – میس بیلّ ، کورد لە نامەکانی میس بیلّ دا ، س . پ ، ل ٤٤ .

[35] – سروة اسعد صابر ، کوردستان من بدایة الحرب العالمیة الاولى الى نهایة مشکلة الموصل ١٩١٤– ١٩٢٦ ، دراسة تاریخیة سیاسة وثائقیة ، ( اربیل : ٢٠٠١ ) ، ص ٥٣ .

[36] – دیدەنی لەگەڵ مامۆستا عەبدولقادری جوانڕۆیی ، خانەقین ، ١٦ / ٣ / ٢٠١٦ .

[37] – لە ناوچەی گەرمیان و بەتایبەتی شاری کەلاردا سێ گوندی سەربەخۆ هەیە بە ناوی ( سەید خەلیل ) ەوەو بە تەنیشتی یەکترەوەن لەوانە : سەید خەلیلی فەقێ مستەفا ، سەید خەلیلی دەروێش حسێن ( گلاڵی ) لەگەڵ سەید خەلیلی خەلیفە .

[38] – شکری محمود ندیم ، الجیش الروسی فی حرب العراق ١٩١٤– ١٩١٧ ، ص ٣٢– ٣٣ .

[39] – دیدەنی لەگەڵ ئامینە ئەمین عەباس خێزانی مامەڕەشە ( ١٩١٧–١٩٩٨) ، کەلاری کۆن ، هاوینی ١٩٩٤ .

[40] – شێخ محەمەدی شاکەلی : ناوی تەواوی شێخ محەمەدی کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ شەهابی شاکەلیە ، بەڵام بەوردی بۆمان ڕوون نەبۆتەوە ، کە لە ساڵی چەندا هاتۆتە دونیاوە . هەرچەندە دەگوترێت لە کاتی بەرپابوونی جەنگی یەکەمی جیهانیدا ، تەمەنی لە دەوروبەری ( ٤٥ ) ساڵیدا بووەو بەماوەیەك ، دوای کۆتایی هێنانی جەنگ و لە : کاتی گەنم درەوێکی درەنگ وەختی هاوینەداو لە ڕێکەوتی ( ٢٧ ڕەمەزانی ١٣٣٨ کۆچی ) بەرانبەر بە ساڵی ( ١٩١٩ زایینی ) ، لە گوندی شاکەلی ناوچەی گەرمیان ، کۆچی دوایی کردووەو لە گوڕستانی شاکەلیەکان نێژراوە . بڕوانە : شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی شاعیرو خواناسی دەشتی گەرمیان ، ساخکردنەوەوپێشەکی : هاشم عاسی کاکەیی ، چ٤ ، ( هەولێر : ٢٠٠٩ ) ، ل ٢٨٤ ، دیدەنی لەگەڵ شێخ محەمەدی کوڕی شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، سەعداوا ، ٢٥ / ٣ / ٢٠١٦ .

[41] – شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، ل ٢٧٧ .

[42] – شێخ ئەحمەدی شاکەلی : ساڵی ( ١٩٠٢ ) لە گوندی شاکەلی ناوچەی گەرمیان لە دایك بووە . سەرەتا بەشێك لە بەرهەمە شیعریەکانی خۆی لە گۆڤارەکانی : گەلاوێژ ، هەتاو و دەنگی گێتی تازەدا بڵاوکردۆتەوەو ماوەیەکیش وەکیلی کەریم بەگی جاف و سەرپەرشتیاری دێهاتەکانی بووەو بەوەکیلی لایە نەعزیل باسی لێوە کردووە سەرەڕای ئەندامێتی لە هیوادا تا ئێستاش دیوان و بەشێك لە یاداشتەکانی ، چەند جارێك لە شاری بەغدا و هەولێر وڵاتی ئێران و تورکیا چاپکراوەتەوەو لە ( ١٤ ی شوباتی ١٩٨٢ ) دا ، کۆچی دوایی کردووە . بۆ زیاتر بڕوانە : شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، ل ١٣– ١٦ ، مستەفا نەریمان ، ئەدیب و نووسەرانی کفری و دەوروپشتی ، ( بەغدا : ٢٠٠٧ ) ، ل ١٨٢ .

[43] – قەرەبلاغ : دەبێتە دووبەشەوە ( قەرەبلاخی کۆن ) ، کە موڵکی شێخ وەهابی کوڕی شێخ حەمیدی تاڵەبانی بووە، لەگەڵ ( قەرەبلاخی نوێ ) ، کە موڵکی شەوکەت بەگی جاف بووەو ئەمڕۆ بەزۆری بنەماڵەی ( براحەمە )ی تیا نیشتەجێ بووەو بەڕێوەی دەبەن و دەکەوێتە نێوان شاری کەلارو جەلەولاوە .

[44] – شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، دیوان و یاداشتی شێخ ئەحمەدی شاکەلی ، ل ٢٧٨ .

[45] – مێجەر سۆن : ئیلی بانیستەر سۆن : سیاسەت مەدارو ئەفسەرێكی بەریتانی بووە ، لە ( ١٦/ ٨ /١٨٨١ ) دا لە كنزنگتن لە دایك بووە ، لە ( ١٩٠٢) ەوە هاتۆتە ولأتی ئێران و شارو ناوچەكانی : تاران ، یەزد ، بوشەهرو شیراز گەڕاوەو ماوەیەكیش بۆتە ژمێریاری بانكی شاهنشاهی ، لە ( ١٩٠٥ ) ەوە بۆتە موسڵمانی شیعەو لە شاری كرماشانیش كراوەتە بەڕێوەبەری بانكی شاهنشاهی و لێرە بەدواوە فێری زمانی كوردی بووە . ماوەیەك حاكم یان جێگری حاكمی شارو شارۆچكەكانی ( قەسری شیرین ١٩١٣ ) ، ( دیزفول ١٩١٦ )، ( خانەقین ١٩١٧ ) ، ماوەیەكیش بە ناو هۆزی بەختیاریدا گەڕاوەو زانیاری كۆكردۆتەوە. جگەلە هەموو ئەوانەش بایەخێكی زۆری بە بارودۆخی كوردستان داوەو ، ماوەیەكیش بە شێوازێكی شۆڤاری و بەناوی خواستراو و خۆگۆڕی ( متنكر ) ی میرزا غولآم حوسێنی شیرازییەوە، ناوچە كوردنشینەكان گەڕاوە و لە ( ١٩١٩) ەوە ، لەلایەن فەرمانڕەوایانی بەریتانیاوە كراوەتە حاكمی شاری سلێمانی و جێگای مێجەر نۆئێلی گرتۆتەوە ، دواتریش بەهۆی نەخۆشی ( سیل )ەوە لە ( ٢٤ شوباتی ١٩٢٣ ) دا مردووە بڕوانە : مێجەر ئی . بی . سۆن ، چەند سەرنجێك دەربارەی هۆزەكانی كوردستانی خواروو ، و: نەجاتی عەبدوڵلا ، ( سلێمانی : ٢٠٠٧ ) ، ل١٥– ٢٢.

[46] – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨٢

[47] – سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٨١ – ٢٨٤ .

[48] - بڕوانە : ایل سنجابی و مجاهدات ملی ایران ، خاطرات علی اكبر خان سنجابی ، سردار مقتدر ، بە تحریر وتحشیة : دكتر كریم سنجابی ، چاپ سوم ، ( تهران : ١٣٩٣ ) ، ص ٤٨٩ – ٤٩٢ ، بیرەوەریەكانی عەلی ئەكبەر خانی سەنجاوی ، سەردار مقتەدر ، ساغكردنەوەی دكتۆر كەریمی سنجاوی ، وەرگێڕانی : دكتۆر حەسەن كەریم جاف ، ( هەولێر : ٢٠١١ ) ، ل ٥١٨ – ٥٢١ .

[49] – ناوچەی بنكوورە : ناوچەیەكی بەرفراوانی كشتوكاڵی زۆر بەپیتە، بەپێی هەندێك سەرچاوە لە سەردەمی فەرمانڕەوایەتی عوسمانی و لە ساڵی ( ١٨٧٥ ) دا ، لەگەڵ شارۆچكەی ( قزرەبات ) دا ، وەك دوو ناحیەی سەر بە قەزای خانەقین و ویلایەتی بەغدا بوون ، وەك دەگێڕنەوە ماوەیەك ناوەندەكەی گوندی ( شێرەوەند ) و دواتر گواستراوەتەوە ( بانزەمین ) تا ئەوكاتەی لەساڵی ( ١٩٣٢ ) دا ( قۆرەتوو ) كراوەتە مەركەزی ناحیەو جێگای ئەوی گرتۆتەوە . هاوكات لە زۆرسەرچاوەی مێژوویی و نوسراوی فەرمی چ عوسمانی و چ پاشایەتی لە عێراقدا بەڕوونی ناوی هاتووە و وەك هەڵكەوتەی جوگرافی ئەم ناوچەیە لای باكووری : گوندی باریكە و لای ڕۆژهەڵاتی كلكەی ( كەنی زەردە ) . بەڵام لە باشوورەوە ( ملەكونار ) و هەرچی لای ڕۆژئاوایەتی گوندی ( كانی ماسی ) و ڕووباری سیروانە ، تا ناوەڕاستی حەفتاكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو و دەست پێكردنی پرۆسەی تەعریب لەم ناوچەیەدا ، نزیكەی ( ٢٥ – ٣٠ ) گوندی ئاوەدان بووە . بڕوانە : جمیل موسی النجار ، الادارة العثمانیة فی ولایة بغداد ، من عهد الوالی مدحت باشا الی نهایة الحكم العثمانی ١٨٦٩– ١٩١٧، ( القاهرة : ١٩٩١) ، ص ١٣٣، دیدەنی لەگەڵ ئیبراهیم باجەلأن ، خانەقین ، ٥ / ١٠ / ٢٠١٥ .

[50] – شێخ ساڵحی غەزایی : كوڕی شێخ محەمەد ئەمینی كوڕی شێخ عەلی بەرزنجیە ، ساڵی ( ١٨٧٠ ) لە گوندی ( سێ گۆمەتان ) ، لە ناوچەی سەنگاو هاتۆتە دونیاوە . لە تەمەنی ( ٨ ) ساڵیەوەو زیاتر لای باوكی دەستی كردووە بەخوێندنی قورئانی پیرۆزو دواتر بابەتەكانی : نەحو ، سەرف و ( ژیربێژی ) واتە مەنتیقی خوێندووە، دوای دوازدە ساڵی تەواوی خوێندن ئیجازەی زانستی هەر لای باوكی وەرگرتووە و دوای مردنی ئەو بەزۆری سەردانی ( شێخ حەسەنی قەرەچێوار )ی كردووە ، لە ساڵی ( ١٨٩٠ ) دا ، هاتۆتە گوندی ( بەرلوت ) ، لە گەرمیان و هەر لەو ساڵەشدا ژیانی هاوسەری پێكەوە ناوە . لە ساڵی ( ١٣٣٤ك ) بەرانبەر بە ساڵی ( ١٩١٥ ز ) و لە ماوەی جەنگی یەكەمی جیهانی و

لەلایەن لەشکری داگیرکەری ڕووسەوە دەکوژرێت و لە گۆڕستانی ( بەرلووت ) نێژراوە . سوود لە دەستنووسێك وەرگیراوە ، کە تا ئێستاش لای بنەماڵەی شێخ نوری کوڕی شێخ ساڵح لە کەلار پارێزراوە .

[51] – میر بەسری : ناوی تەواوی میر شلۆمۆ حایی کوڕی شائولی کوڕی بەسئیلە ، لە ( ١٩ی ئەیلولی ١٩١١ ) دا لە گەڕەکی ( تحت التكيه )ی نزیك ( بازاڕی سەرای ) ، لە بەرەی ڕووسافەی شاری بەغدا هاتۆتە دونیاوە و لە هەردوو قوتابخانەی ئەهلی : ( التعاون ) و ( ئەلیانس ) جولەکەکان خۆیانەوە لە شاری بەغداد دەستی بە خوێندن کردووە ، دواتر زانستی ئابووری و ئەدەبی عەرەبی خوێندووە، دوایی بۆماوەیەك ، وەك فەرمانبەرێك ، لە وەزارەتی کارو باری دەرەوەی عێراق کاری کردووە، هەروەها ماوەیەکیش بەڕێوەبەری ژووری بازرگانی بەغداد بووە و بۆ ماوەی هەشت ساڵی تەواو ( ١٩٣٨ – ١٩٤٥ ) بایەخێکی زۆریشی بە گۆڤارەکەی واتە ( گۆڤاری ژووری بازرگانی ) داوە ، جگە لەوەش سەرپەرشتی بەشی ئینگلیزی ( الدليل العراقي – ڕێبەری عێراقی ١٩٣٦ ) کردووەو هاوکات ئەندامی کۆمەڵێك ئەنجومەن و ڕێکخراوی جۆربەجۆری وەك : ئەنجومەنی گشتی لیوای بەغداد ، ئەنجومەنی ئیدارەی لیوا ، بەڕێوەبەری پرەپاکەندەو بازرگانی لە بەڕێوەبەرایەتی کۆمەڵە تموری عێراقی بووە ، لەگەڵ ئەوەشدا کۆمەڵێك چاپکراو و دانراوی گرنگی لە بوارەکانی : مێژوو ، ئابووری ، ئەدەب و کۆمەڵناسیدا هەیە و لە ( ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ ) دا ، لە شاری ( لەندەن ) و لە تەمەنی ( ٩٤ ) ساڵیدا کۆچی دوایی کردووە . بڕانە : فاتن محي محسن ، مير بصري سيرة و تراث ، دار ميزو بوتاميا ، ( بغداد : ٢٠١٠ ) ، ص ٢٧ – ٧٨ ، مازن لطيف ، مثقفون عراقيون ، يهود في خدمة صاحبة الجلالة الصحافة العراقية ، ( بغداد : ٢٠١٥ ) ، ص ٥٤ – ٥٦ .

[52] – داود بەگی جاف : ساڵی ( ١٩٠٥ ) لە گوندی ( میرە دێ ) ی ناوچەی گەرمیان لە دایك بووە ، کەسایەتیەکی دیارو شارەزایی لە زمانەکانی : عەرەبی و تورکی و فارسیدا هەبووەو لە ساڵانی جەنگی یەکەمی جیهانیدا لەسەر سنووری ئێرانەوە دژی لە شکری ڕووس جەنگاوە ، سەرەڕای هاوکاری کردنی شێخ مەحموود لە شەڕی ( ئاوباریك ) ی ساڵی ( ١٩٣١ ) دا دژی سوپای عێراق و بەریتانیا لە گەرمیاندا ، جگە لەوەش لە ناوەندی سیەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووەوە لە ( ٩ ) خوولی ئەنجومەنی نوێنەرانی سەردەمی پاشایەتیدا لە عێراق ، ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەران بووە ، وەك نوێنەری شاری ( کفری ) لە لیوای کەرکوك و تا کاتی بەرپابوونی شۆڕشی ( ١٤ تەمووزی ١٩٥٨ ) ، دوای حوکمی پاشایەتی و لە ساڵی ( ١٩٥٩ ) دا پەنای بردۆتە بەر وڵاتی ئێران و لە ساڵی ( ١٩٦٦ ) دا لەوێ کۆچی دوایی کردووە ، لە ڕێگای سنووری ( مەنزەریە ) ەوە تەرمەکەی هێنراوەتەوە گەرمیان و لە گۆڕستانی ( سەید خەلیل ) نێژراوە . بڕوانە : عبدالرزاق الحسني ، تاريخ الوزارات العراقية ، ج١٠ ، ط٧ ، ( بغداد : ١٩٨٨ ) ، ص ٢٩٧ – ٣١٥ ، مستەفا نەریمان ، بیرەوەریەکانی ژیانم ، ( بەغدا : ١٩٩٤ ) ، ل ٧٤.

[53] – بڕوانە : میر بەسری ، ناودارانی کورد ، و : عەبدولخالق عەلائەدین ، چ٢، ( هەولێر : ٢٠٠٩ ) ، ل ٢٠١ – ٢٠٢ .

[54] – صباح مهدي رميض ، ديالى سيرة أعلام ، ص ٢٢٣ .

[55] – ڕاپۆرتی خانەقین ، ڕاپۆرتی کارگێڕی لیوای دیالە بۆ ساڵی ١٩١٩ قەزای خانەقین ، س . پ

[56] – ارنولد . تي ، ولسن ، بلاد مابين النهرين بين ولائين ، ترجمة فواد جميل ، مطابع دار الجمهورية ، ج٢ ، ( بغداد : ١٩٧١ ) ، ص٤٠ ، صباح مهدي رميض ، ديالى سيرة أعلام ، ص ٢٢٥– ٢٢٦.

[57] – صباح مهدي رميض ، المصدرالسابق ، ص ٢٢٤ .

[58] – ڕاپۆرتی خانەقین ، ڕاپۆرتی کارگێڕی لیوای دیالە بۆ ساڵی ١٩١٩ قەزای خانەقین ، س . پ .

[٥٩] – میجەر نوئێل : ئەفسەرێكی بەریتانی بووە ، بەپلەی ( مێجەر ) ، لە ساڵی ( ١٨٨٦ )دا هاتۆتە دونیاوەو لە درێژەی ساڵانی جەنگی یەكەمی جیهانیدا ، بەشداری ئەو داگیركارییەی وڵاتەكەی خۆی كردووە ، كە هێزەكانی بەریتانیا بۆ سەر عێراقی ژێر دەسەڵاتی عوسمانی جێ بە جێیان كردووەو شارەزایەكی بەرچاوی لە زمانی فارسی و سروشتی هۆزو خێڵەكاندا هەبووە . بەتایبەتی خێڵەكانی ناوچەی بەختیاری ئێران و هۆزە كوردیەكان ، هەر لەو بارەیەشەوە گەلێك نووسینی بایەخداریشی بڵاوكردۆتەوە . ناوبرا و لە ( ١ تشرینی یەكەمی ١٩١٨ )دا ، كراوەتە ئەفسەری سیاسی ناوچەی كەركوك و لە كاتی یەكەمین حوكمداریەتی شێخ مەحمودی حەفیدا لە باشووری كوردستان ، كە ناوەندەكەی شاری سلێمانی بووە ، ڕاوێژكاری مەدەنی شێخ مەحمود بووەو لە كۆتاییەكانی كانونی یەكەمی ( ١٩١٨ )داو ، دوای ئەوی كە مێجەر سۆن جێگای دەگرێتەوە ، شاری سلێمانی بەجێ هێشتووە بەرەو ناوچەكانی باكوری كوردستان بۆتەوە ، زۆر شارو ناوچەی گەڕاوە و هاوكات چاوی بە ژمارەیەك لە كەسایەتی و سەرۆك هۆزەكانی كوردی ئەوناچەیە كەوتووە و لە ساڵی ( ١٩٧٤) دا ، كۆچی دوایی كردووە . بڕوانە: حسین فیچ الله جاف ، البدرخانیون فی یومیات المیجر نوئیل ، صحیفه ( الاتحاد )، ٢٩/٩ / ٢٠٠٧ .

[٦٠] – ئەحمەد خواجە ، چیم دی ، شۆڕشەكانی شێخ مەحموودی مەزن ، ( هەولێر : ٢٠١٣ ) ، ل ٤٨ .

[٦١] – عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ، مەلا مەعسوم هەورامی ١٩٠٠– ١٩٦٤ ، ئینسكلۆپیدیای هەولێر ، كەسایەتی ناوداران ، لە بڵاوكراوەكانی دەزگای چاپ و پەخشی بەدرخان ، بەرگی ١٠ ، ( لوبنان : ٢٠٠٩ ) ، ل ٤٤٦٧ .

[٦٢] – عوسمان دەشتی ، مەلا مەعسومی هەورامی مەلاو زاناو وڵاتپەروەر ، چاپخانەی حاجی هاشم ، ( هەولێر : ٢٠١٥ ) ، ل ١٧ .

[٦٣] – خەسرەو قەساب : لە هۆزی گەورەی باجەلان بووە ، لە بیستەكانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا لە شاری خانەقین ژیاوەو تەنها دوو كوڕی هەبووە بە ناوەكانی : باقی خەسرەوقەساب و خەلیل خەسرەو قەساب ، هەر لە دێر زەمانیشەوە بنەماڵەكەیان ، كارو پیشەی ڕۆژانەیان قەسابی بووەو لە گەڕەكی ( عەبدوڵڵا بەگ ) ، نیشتەجێ بوون و تا ئێستاش زۆرێك لە نەوەكانی هەر لەشاری خانەقین و دەوروبەریدا دەژین . دیدەنی لەگەڵ ئیبراهیم باجەلان ، خانەقین ، ٢٨ / ٣ / ٢٠١٦ .

[٦٤] – عوسمان دەشتی ، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٩–٣١ ، عەبدوڵڵا عەلیاوەیی ، مەلا مەعسوم هەورامی ١٩٠٠– ١٩٦٤ ، ئینسكلۆپیدیای هەولێر ، ل ٤٤٦٧ .

[٦٥] – ڕاپۆرتی خانەقین ، ڕاپۆرتی كارگێڕی لیوای دیالە بۆ ساڵی ١٩١٩ قەزای خانەقین ، س . پ .

[٦٦] – سەرچاوەی پێشوو .

[٦٧] – سەرچاوەی پێشوو .

[٦٨] – بڕوانە دەقی سكاڵایەكی مەلا محەمەدی جوانرۆیی بەزمانی فارسی بە ناونیشانی : ( بعنوان عرض حال بویل سن حاكم بغداد نوشته شد ) .

[٦٩] – رسالة الملا محمد الجوانرودی الی ( عبدالرحمن النقیب ) .

[٧٠] – انظر : رسائل و مخطوطات الحقیر الفقیر محمد بن مهدی بن هادی بن صادق الحسینی الجوانروی ، الی عبد الرحمن افندی نقیب بغداد ، سلام من الرحمن نحو جنابكم ....، مخطوطة بحوزة الكاتب ، المملكة العراقیة ، وزارة الداخلیة ، جنسیة طیبة بنت احمد قادر ، العدد ( ٢٣٥٨ ) ، ماموریة نفوس قضاء خانقین ، تاریخ الولادة ( ١٨٩٧ ) اسم الام والجد :

صالحة بنت محمود ، ٩/٩/ ١٩٥٦ ، فاضل كريم احمد ، خانقين خلال ربع قرن ١٩٠٠– ١٩٢٥، ( السليمانية : ٢٠٠٥ ) ، ص ٢٣ – ٢٤.

[٧١] – حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە : دەبێتە کوڕی گەورەی سلێمان بەگی کوڕی حەمە پاشای جاف ( ١٨١٥– ١٨٨١ ) ، بە پێی ئەو پاسپۆرت ( جوازسفر )ەی ، کە لە ساڵی ( ١٩٣١ )دا ، دەری کردووە و کۆپیەکی لای ئێمەیە ، بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی ئەم زانیاریانەی لەسەرنووسراوە : ( الحاج ابراهيم سليمان بك ، رئيس عشيرة جاف ، تاريخ الولادة : شيروانه . كركوك . كفرى . ( ١٨٧٩ ) ، ( محل الاقامة : دكة . خانقين ، المميزات الخاصة : ندبة صغيرة على الانف ، صدرفى ( بغداد ) يوم الثانى عشر من تشرين الثانى ١٩٣١ )، هەروەها پلەکانی خوێندنی لە ناوەندە ئایینیەکانەوە دەست پێکردووەو ، وەك کەسایەتیەکی خواناس و بە هاوکارێکی بەردەوامی هەژارو لێقەوماوان ناسراو بووە ، لە ژیانیدا دوو ژنی هێناوە یەکەمیان : مەنیجە خان ، کە لە هۆزی باجەلآن بووەو تەنها سێ کچی لێ هەبووە و دووەمیان : شەمسەخانی کچی جەمیل بەگی محەمەد عەلی بەگی جاف و لە نەوەی ( عادیلە خان ) ی خێزانی ( وەسمان پاشا جاف ) بووەو تەنها دووکوڕی لێ هەبووە بەناوەکانی : عەبدولقادر بەگ و حەمەڕەشید بەگەوە . بەپێی یاداشتەکانی مەلا عارفی کوڕی مەلا یەحیای خانەقین حاجی ئیبراهیم بەگ لەڕێکەوتی ( ١٨ نیسانی ١٩٥٢ ) دا ، کۆچی دوایی کردووە بڕوانە : جواز السفر ، المملكة العراقية ، وزارة الداخلية ، صدر فى ( بغداد ) يوم الثانى عشر من تشرين الثانى ١٩٣١ ، دەستنووسێکی تایبەتی سەروەت بەگی کوڕی عەبدولقادر بەگی کوڕی حاجی ئیبراهیم بەگی دەککە وەرگیراوە ، کە بۆ خاوەنی ئەم نووسینەی ناردووە .

[٧٢] – دەقی ئەونامەیەی ، کە مەلامحەمەدی جوانڕۆیی بۆ عەبدولڕەحمان نەقیبی سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیرانی کاتی عێراقی نووسیوە.

[٧٣] – لە ناوچەی دەکە ، پێنج گوند هەیە بەم ناوەوە لەوانە : دەککەی حاجی ئیبراهیم بەگی جاف ، دەککەی عەبدولقادر بەگی جاف ( بانین و سەرچەم ) ، دەککەی میکائیل ، دەککەی مەلا حەمید و دەککەی حەبیب . بڕوانە : حەکیم حسین عەلی ، گوندی دەککە لە نێوان بەرداشی مێژوو و دەستی ڕەشی تەعریبدا ، ل ١٣٩ .

# ملخص البحث

في أواخر الحكم العثماني كانت لواء ديالى الحالية بشكل عام تابعة إداريا الى ولاية بغداد ، وهي مقسمة اداريا على ثلاث اقضية رئيسية مهمة ، و هي خراسان ( بعقوبة ) وخانقين ومندلي و كذلك بعض النواحي التابعة لهما ، وعندما نشب الحرب العالمية الاولى ( ١٩١٤ – ١٩١٨ ) ، وقع هذه المنطقة تحت الاحتلال الاستعمار البريطاني و خصوصا بعد احتلال بغداد من قبل القوات البريطانية في ( ١١ آذار ١٩١٧ ) ، ومن جهة اخرى تمكن القوات الروسية من احتلال مدينة خانقين وما جاورها يوم ( ١ نيسان ١٩١٧ ) على أثر انسحاب القوات العثمانية منها . وفي نفس الوقت عاني السكان من القوات الروسية كثير الكثير نتيجة قسوتهم وتنكيلهم بالاهالي واباحتهم لكل شيء . ومن جهة اخرى وبعد فترة قصيرة تمكن قوات روسيا القيصرية ، عبور نهر سيروان ( ديالى ) باتجاه الشرقي الى منطقة كرميان أي مدينة كلار الحالية ومن ثم استولوا على ( قلعه الشيروانه ) الأثرية واستخدامها كقاعده عسكريه لقواتهم .

وهذا البحث المعنون أي : ( منطقة كرميان و خانقين في المعادلات العسكرية للدولة العثمانية وروسيا و بريطانيا العظمى ١٩١٤ – ١٩٢٠ ) يسلط الضوء على تلك الاحداث التي وقعت في حينها . ولهذا الغرض قسمت البحث الى مقدمة ومبحثين رئيسين الاولى : بدايات احتلال منطقة خانقين وما والاها من قبل روسيا وبريطانيا العظمى وموقف الدولة العثمانية و العشائر الكردية المتواجدة على الحدود الدولة العثمانية و القاجارية الايرانية . اما المبحث الثاني والاخير فيركز على اوضاع كرميان و منطقة خانقين ابان الحرب العالمية الاولى و كيفية الصراع بين الدول المتحاربة ١٩١٤– ١٩٢٠ . وقد اعتمدت في كتابة هذا البحث على المزيد من المصادر و الوثائق و المخطوطات و الرسائل والتقارير البريطانية المترجمة ولاسيما باللغات العربية و الفارسية والكردية .والله من وراء القصد .